RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 20thfebruary 2026 Accepted: 25th May 2026 Published online: 20thSeptember2026

Linguistic Assessment of Legal Texts in the Kurdistan Parliament: From the viewpoint of critical discourse analysis

Kalthum Khalid Ahmed[1] **Bashdar Abdulrahman Azeez[2]** **Sajida Khalid Ahmed[3]**
kalthum.khalid@epu.edu.iq Bashdar.Abdulrahman@mhe-krg.org Sajeda.ahmad@su.edu.krd
[1]Department of Medical Laboratory Technology, Erbil Technical Health and Medical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Secretary of the Council of the Ministry of Higher Education and Scientific Research, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[3]Department of Chinese, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract
Linguistic analysis of the legal texts of parliaments is an evaluation of language, structure and discourse of legislative documents. Such critical examination provides important insights into the regional political affiliations, power relations and social variables. Despite the structural complexity and the opaque nature of legal language to laypersons, legal texts are important for the society as they are essential tools for the organization of administrative, commercial and social activity. The current study employs Critical Discourse Analysis (CDA) to investigate the expression of certain language choices in legal documents. The legislative output from the first session of the Kurdistan Parliament in 1992 is used as a primary case study. It considers the implications of these decisions in reproducing power inequalities and simultaneously evaluates the ability of the texts to communicate legal meaning. The results highlight that linguistic clarity is not only a question of style, but also a democratic question, since unclear legal language can limit the public participation possibility. This study examines the political and social consequences of legislative discourse and points out linguistic features which can either promote or impede democratic participation. The study concludes that linguistic practices oriented towards democracy can improve transparency, build trust and promote participatory legislation within the Parliament.

Keywords*:* Parliament, Legal text, Legal language, Critical Discourse Analysis (CDA), discourse.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هەڵسەنگاندنێکی زمانیی بۆ دەقە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان: لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییەوە

کلثوم خالد احمد[1] - بەشدار عبدالرحمان عزیز [2] - ساجدە خالد احمد[3]

[1]بەشی تەکنەلۆژیای تاقیگەی پزیشکی، تەندروستی تەکنیکی هەولێر و کۆلێژی پزیشکی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]سکرتێری ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3]بەشی چینی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:

هەڵسەنگاندنی زمانیی دەقە یاساییەکانی پەرلەمان، بریتییە لە شیکردنەوەی زمان و پێکهاتە و گوتاری بەکارهێنراو لە بەڵگەنامانە یاساییەکاندا، ئەم شیکردنەوە ڕەخنەگرانەیە دەتوانێت تێڕوانینێکی بەنرخ لەبارەی پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوچەکە و داینامیکی دەسەڵات و کاریگەرییە کلتوورییەکان بخاتەڕو و ئاسۆکانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لە پەیوەندییە پەرلەمانییە گشتییەکان، وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی گوتاری یاسایی بخاتەڕو. زمانی یاسایی لەڕوی پێکهاتەوە ئاڵۆزە و زۆرجار بۆ کەسانی ناپیشەیی تێگەیشتنیان قورسە، لە هەمان کاتدا دەقە یاساییەکان بۆ کۆمەڵگە گرنگن، چونکە ئامرازێکن بۆ ڕێکخستنی چالاکییە کارگێڕی و بازرگانییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی. توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی ڕێبازی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکان دەکات، کە چۆن هەڵبژاردنە زمانییەکان لە دەقە یاساییەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت، و بۆ ئەم مەبەستە دەقە یاساییەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی '١٩٩٢'مان وەک نمونە وەرگرتوە و شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی بۆ دەکرێت، کە پێکهاتوە لە '١٦' دەقی یاسایی هەر یاسایەک باس لە بابەتێکی جیاواز دەکات، کە بە زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست نوسراون. بە ئەگەڕێکی زۆرەوە بەهێزکردنی ناهاوسەنگی دەسەڵات، لە هەمان کاتدا کارایی دەقەکان لە گەیاندنی مەبەستی یاساییدا هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها ئەنجامەکان باس لەوە دەکەن، ڕوونی زمانەوانی تەنیا نیگەرانییەکی ستایلیستی نییە، بەڵکو فەرمانی دیموکراسییە، چونکە زمانی یاسایی ناڕوون دەتوانێت بەشداری گشتی پەراوێز بخات، جگە لەوەش، لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی گوتاری یاسادانان دەکات، بەتایبەتی چۆن زمان تێڕوانینەکانی دادپەروەری، دەسەڵات و شەرعیەتی دامەزراوەیی لە قاڵب دەدات، بە شیکردنەوەی هەڵبژاردنی وشەیی، پێکهاتەی ڕستەسازی و ستراتیژییەکانی دارشتن، توێژینەوەکە ئەو نەخشانە دەستنیشان دەکات، کە ئاسانکاری یان ڕێگری لە بەشداریکردنی دیموکراسی دەکەن.

کلیلە وشە: پەرلەمان، دەقی یاسایی، زمانی یاسا، شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار، گوتار.

١- پێشەکی:

زمانی یاسایی، شێوازێکی گوتاری تایبەتمەند و جیاوازە کە بە وردی، ئاڵۆزی، و پێکهاتەی فەرمی دەناسرێتەوە. ئەم زمانە وەک ئامرازی سەرەکی بۆ دارشتن، ڕاڤەکردن، و جێبەجێکردنی یاساکان کاردەکات، ئەمەش وای لێدەکات بۆ بەرێوەچوونی چالاکییە کارگێڕی، بازرگانی، و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیەک پێویست و بنەڕەتی بێت (Tiersma, 1999; Mellinkoff, 1963)، بەڵام سروشتی ئاڵۆز و ناڕوونی دەقە یاساییەکان، زۆرجار وادەکات، بۆ کەسانی ناپسپۆڕ تێگەیشتنیان ئەستەم بێت، ئەمەش کەلێنێک لە نێوان یاسادانەران و ئەو گەلەی نوێنەرایەتی دەکەن دروست دەکات (Sarcevic, 1997). هەڵسەنگاندنی زمانەوانی دەقە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە هاوسەنگییەک لەنێوان فەرمیبون و سادەیی، ڕێزگرتن لە زمانی کوردی و، گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییە یاساییەکاندا هەیە، پێداچوونەوەی ڕەخنەیی و چاککردنی کەموکوڕییە کەڕەستە زمانییەکان دەتوانێت یارمەتی باشترکردنی دەقە یاساییەکان بدات، هەروەها پێویستە لەڕوی گوتاری یاساییەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، واتە بەشێوەیەکی دروستبن و بەکارهێنانی زمان لەگەڵ بنەما یاساییەکاندا گونجاو بێت و بە زمانێک نوسرا بن، کە لەگەڵ پێداویستی و دەربڕینی کۆمەڵگەی کوردی بگونجێت، ئەمەش بەو واتایەی دەبێت لە زاراوە و دەربڕینە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کوردی بەشێوەیەکی گونجاو سودوەربگیرێت.

شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار چوارچێوەیەکی تیۆری و مێتۆدۆلۆژی بەهێز بۆ پشکنینی ئەم داینامیکانە پێشکەش دەکات، کە لە زمانەوانیی وەسفی تێدەپەڕێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن دەسەڵات، باڵادەستی، و نایەکسانی لەڕێگەی دەق و گفتوگۆوە پەیڕەو دەکرێن، بەرهەم دەهێنرێنەوە، و ڕووبەڕوبان دەبنەوە (Fairclough, 2023; Rogers, 2004). بە شیکردنەوەی هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییە تایبەتەکانی وەک دەستنیشانکردنی وشەکان (فەرهەنگۆک)، پێکهاتە ڕستەییەکان، و ڕەوانبێژییەکان (CDA) ئەو ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتە قوڵانەی دەسەڵات کە لە ناو گوتاری یاساییدا بەکارهاتون، ئاشکرا دەکات.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەم توێژینەوەیە (CDA) بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی بژاردە زمانییەکان لە دەقە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بە جەختکردنەوە لەسەر بەرهەمە یاساییەکانی یەکەمین خولی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ وەک نمونەیەکی سەرەکیی لێکۆڵینەوە. دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا وەرچەرخانێکی مێژوویی بو بەرەو خۆبەڕێوەبەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەمەش گوتاری یاسایی پێشوەختی پەرلەمانەکە بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییە سیاسییە هەرێمییەکان و گەشەسەندنی دامەزراوەیی زۆر گرنگ دەکات. سەرەڕای ئەوەش، بەو پێیەی دەستەی یاسادانەران زۆرجار ئەو چوارچێوانە دادەڕێژن، کە کاریگەریان لەسەر ڕێککەوتنە بازرگانییە هەرێمییەکان و لێشاوی کاریگەرییە ئابوورییەکان هەیە (Sager, 1997)، شیکردنەوەی زمانی بنەڕەتیی ئەم دەقانە دەریدەخات کە چۆن پێکهاتە کارگێڕییە سەرەتاییەکان وێناکراون.

١-١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمجار پشکنینێکی ڕەخنەیی بۆ بەڵگەنامە دامەزرێنەرەکانی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢) دەکات، تاوەکو دەربخات چۆن بژاردە زمانەوانی و پێکهاتە ڕستەییەکان لە قۆناغی گواستنەوەی شەرعییەتدا کەرەستە بون بۆ دارشتنەوەی پێوەندییەکانی هێز و دەسەڵات و چۆن ناڕونیی زمانی یاسایی دەبێتە بەربەست لە بەردەم بەشداریی سیاسی و دیموکراسی هاوولاتیاندا. هەروەها دڵنیابون لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی گونجاو، پتەوکردنی زاراوە یاساییەکان بە زمانی کوردی، ڕونکردنەوەی دەقە یاساییەکان بۆ هەمو خەڵک، ڕێگری لە دروستبونی جیاوازی لە تێگەیشتن لە یاساکان، یارمەتیدان لە پتەوکردنی سیاسەتی فەرمیکردنی زمانی کوردی، دروستکردنی ستانداردێکی زمانەوانی بۆ نوسینی یاساکان.

١-٢ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی زمانەوانییە بۆ دەقە یاساییەکان، کە بەهۆی شیکردنەوەی ڕەخنەیی و بەکارهێنانی تیۆری شیکردنەوەی گوتار، هەوڵدەدات ڕۆڵی زمان لە پڕۆسەی یاسادانان ڕون بکاتەوە و پێشنیاری چارەسەری زمانەوانی بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی یاسایی لە کوردستاندا بکات. ناسینی کێشە زمانییەکان، شیکردنەوەی کێشە ڕێزمانی و زاراوەییەکان لە دەقە یاساییەکان و دیاریکردنی کاریگەری ئەم کێشانە لەسەر یاساکاندا.

هەوڵدان بۆ پتەوکردنی زمان و ڕێزمانی فەرمی کوردی لە دەقەکاندا، پێشنیارکردنی چارەسەر بۆ کێشە زمانییە دیارەکان، و ئەو ڕێگایانەی دەقە یاساییەکان بۆ خەڵکی ئاسایی ڕونتر بکات.

١-٣ سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەکارهێندراوە، سنوری توێژینەوەکەمان؛ دەقە یاساییەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی '١٩٩٢'مان وەک نمونە وەرگرتوە و شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی بۆ دەکرێت، کە پێکهاتوە لە '١٦' دەق یاسایی هەر یاسایەک باس لە بابەتێکی جیاواز دەکات، کە بە زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست نوسراون.

١-٤ کێشەی توێژینەوە:

ڕەنگە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری گشتگیر بەهۆی هەستیاریی سیاسییەوە سنوردار بێت، گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی زمان لە دانیشتنە یاساییەکانی پەرلەمان یان بابەتی جیاواز ڕەنگە کاری شیکردنەوە ئاڵۆزبکات، بەڵام تاڕادەیەک ئەم هەڵسەنگاندنە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە یاری نێوان زمان و سیاسەت لە کوردستاندا، تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتیی گوتار، پرۆسەکانی یاسادانان و بەشداریکردنی گشتی.

١-٥ پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیارەکانی توێژینەوە، بریتین لە:

- گوتاری یاسایی ١٩٩٢ چۆن توانیویەتی لەڕێگەی زمانەوە شەرعیەتی "شۆڕشگێڕی" بگۆڕێت بۆ شەرعیەتی "یاسایی و دامەزراوەیی"؟ (تێکەڵکردنی زمانی سەنگەر و زمانی پەرلەمان).
- بەکارهێنانی "وشە لاستیکییەکان" و دەستەواژە ناڕونەکان (وەک: گونجاو، شیاو، ئەهلیەت) لە دەقە یاساییەکانی ساڵی ١٩٩٢، چۆن خزمەت بە مانەوەی دەسەڵات لە دەستی لایەنی جێبەجێکاردا دەکات؟
- تێکەڵکردنی زاراوە عەرەبییەکان لەگەڵ کوردی لەو قۆناغەدا، چ جۆرە هەژمونێکی کولتوری و یاسایی دەردەخات و چۆن کاریگەری کردوەتە سەر سەربەخۆیی گوتاری یاسایی کوردی؟
- بەکارهێنانی "بکەری نادیار" لە دارشتنی سزاکان و ئەرکە وەزارییەکاندا، چۆن وەک تەکنیکێکی شاردنەوەی بەرپرسیارێتی سیاسی و دامەزراوەیی بەکارهاتوە؟

- ئاڵۆزیی پێکهاتهی ڕستهکان و دربڕیین تا چهند وهک ئامرازێکی "پهراوێزخستنی مهعریفی" کاردهکات بۆ دورخستنهوهی هاووڵاتی ئاسایی له تێگهیشتن و بهشداریی دیموکراسی؟
- ناجێگیری له ڕێنوس و نهبونی ستانداردێکی یهکگرتوی نوسین لهو خولهدا، چۆن ڕهنگدانهوهی "قهیرانی شوناسی دامهزراوهیی" و تێپهڕین بوه له قۆناغی شۆڕشهوه بۆ دهوڵهتداری؟
- کهموکوڕی له نیشانهکانی خاڵبهندی چۆن بۆشایی بۆ "تهفسیری ههڵبژێردراو" له لایهن دهسهڵاتدارانهوه دروست دهکات؟

٢- ههڵسهنگاندنی زمانیی بۆ دهقه یاساییهکانی پهرلهمان:

٢-١ زمانی یاسا:

زۆرێک له تیۆریست و زمانناسانی یاسایی له ڕوانگهی جیاوازهوه باسیان له چهمکی زمانی یاسایی کردوه، سهرهڕای ئهوهش پێناسهکانی زمانی یاسایی جیاوازن، نزیکهی ههمو ڕێبازهکان بهو ئهنجامه دهگهن، که زمانی یاسایی چهند جۆرێک له پهیوهندیکردن بهدوای خۆیدا دههێنێت، بهکارهێنانی زمان بۆ ههر سیستهمێکی یاسایی گرنگه، نهک بهههمان شێوه که بۆ سیاسهت بهگشتی گرنگه، بهڵکو له دو ڕوی تایبهتیشدا چارهنوسسازه.

یاسادانهران بهشێوهیهکی تایبهتمهند زمان بۆ یاسادانان بهکاردههێنن و یاسا دهبێت چارهسهرکردنی دهسهڵاتدارانهی ناکۆکییهکان لهسهر کاریگهرییهکانی ئهو بهکارهێنانه زمانه دابین بکات، له ئێستادا دهتواندرێت زمانهوانی یاسایی وهک بوارێکی سهربهخۆی نێوان زانستهکانی زمان لهبهرچاوبگیرێت، بهڵام سهرهڕای قهبارهیهکی تاڕادهیهک بهرچاو له بهرههمه زانستییهکان، زاراوهی ئهم بواره‌ی توێژینهوهی زانستی تهواو ناجێگیره، که ناتهبایی و نهبونی یهکپارچهیی نیشان دهدات، پێویستیشه ئاماژه بهوه بکرێت، که له ئێستادا ئهو بواره زانستییهی باسی لێوه دهکرێت پێناسهیهکی یهکگرتوی بۆ ئهو دیاردهیه نییه، که ئێمه گرنگی پێدهدهین، ههروهک چۆن هیچ زاراوهیهکی پهسهندکراوی ڕاشکاوانه بۆ دهستنیشانکردنی نییه، "زمانی یاسا"، "زمانی یاسایی"، لهو زاراوانهن، که له ئهدهبیاتی ئهکادیمیدا ڕوبهڕوبان دهبینهوه، بهڵام له زانستی یاساییدا نهریته جیاوازی له نێوان ئهم دهستهواژانهدا بکرێت، زمانی یاسا" له چوارچێوهیهکی ئامێز یاساییدا دهبن، که وشه، دهستهواژه و زاراوهکانی دارشتنی تایبهتی دهوێ و زۆر بابهتی ههمهجۆر لهخۆدهگرێت، بهڵام شێوه و ناوهرۆکی یاساییه" (جامباز ٢٠١٤, ٥٩) زمانی یاسایی واته زمانێک، که ئهو کهسانهی پهیوهستن به پیشهی یاساییهوه بهکاریدههێنن، ئهو زمانهی پارێزهر و یاساناس و یاسادانان بهکاریدههێنن، مرۆڤ له توانای پیشهیی خۆیاندا دادهڕێژن، یاسا بابهتێکی تهکنیکییه لهڕێگهی تۆماری خۆیهوه قسه دهکات (Dusunge, 2017, P7).

به دانان به بونی ئێستای زمانهوانی یاسایی وهک بوارێکی سهربهخۆی نێوان زانستی زمان، تیشک دهخهینه سهر ئهو کێشانهی که لهم بواره‌ی زانستدا ههن، ڕهنگه ئهمه بگهڕێتهوه بۆ نهبونی زانیاری تایبهتمهند له بواری یاساییدا، که زمانزانان به پشتگوێخستنی تایبهتمهندییه یاساییهکانی شێوازه زمانییه نهریتییهکان نیشانی دهدهن، زۆرجار تهنیا سهرنجیان لهسهر ئهو کهموکوڕییانه دهبێت، که له بهڵگهنامه یاساییهکاندا هاتوه. یاخود شارهزایانی یاسایی، لای خۆیانهوه، زۆرجار تهنیا دیارده‌ی جیاواز لهبهرچاودهگرن، نهک بهرزبنهوه بۆ ئاستی لێکۆڵینهوه سیستماتیکییهکان و خۆیان له زۆربه‌ی بهشهکانیدا سهبارهت به شهفافیهت و تێگهیشتنی زمانی یاسا قهتیس دهکهن.

٢-٢ کێشهکانی زمانی یاسایی:

زمانی یاسایی ڕۆڵێکی چارهنوسساز له دارشتنی چوارچێوه یاساییهکان و ڕێنماییکردنی دادوهری و ئاسانکاری بۆ بهڕێوهبردنی دادپهروهری دهگێڕێت. سهرهڕای مهبهستی بهرهوپێشبردنی وردبینی و یهکدهنگی، زمانی یاسایی زۆرجار ڕهخنهی لێدهگیرێت، که زۆر ئاڵۆز و ناڕونه و بۆ خهڵک ئاشنا نییه، لێرهدا ئاماژه بهچهند خاڵێک دهکهین:

١. ناڕونی: زۆرجار بهڵگهنامه یاساییهکان بهناڕونی دیاریدهکرێن، که دهتواندرێت دهربڕینهکان بهچهندین شێوه لێکبدرێتهوه، ناڕونی لهو شوێنانهی زاراوهکان سنوری وردیان نییه. ئهم جۆره پرسه زمانهوانیانه ڕهنگه ببنه هۆی سهرلێشێواوی یان لێکدانهوهی ههڵه لهلایهن کهسانی پسپۆڕی یاسایی و کهسانی ئاسایی بههمان شێوه. زاراوهی وهک "عهقڵانی"، "دادپهروهرانه" و "پرۆسهی یاسایی" کراوهن بۆ لێکدانهوهی جۆراوجۆر بهپێی چوارچێوه (Tiersma, 1999, P73) ئهم ناڕونییانه دهتوانن ببنه هۆی بڕیاری ناتهبایی.

- **نم: یاسای ژمارە (١٠)** بهکارهێنانی دهستهواژهی گشتی وهک **«گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست»** یان **«تەقەلادانی مسۆگەرکردن»** بهبێ دیاریکردنی جۆری ڕێوشوێنهکه یان ئاستی تهقهلاکه.

شیکردنەوە: ئهم ناڕونییه دهبێته هۆی ئهوهی، که دهسهڵاتی جێبهجێکردن به ئارهزوی خۆی دهقهکه ڕاڤه بکات، یان له کاتی کهموکوڕیدا نهتواندرێت لێپرسینهوهی یاسایی له فهرمانگهکان بکرێت، چونکه پێوهرێکی بڕاوه نییه.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٢. ڕستەسازی و پێکهاتەی ڕستەی ئاڵۆز: زمانی یاسایی زۆرجار ڕستەسازی ئاڵۆز بەکاردەهێنێت، لەوانەش ڕستەی درێژ و فرە برگە، لەکاتێکدا ئەم ئاڵۆزییە زۆرجار بۆ دڵنیابون لە گشتگیری بەکاردەهێندرێت، بەڵام دەتوانێت مانا تەمومژاوی بکات و ڕێگری لە خوێندنەوە بکات. 'مێلینکۆف' ئەم تایبەتمەندییە وەک میراتێکی داڕشتنی یاسایی دەناسێنێت، کە وردبینی لە پێشینەدا دەدات لەسەر حیسابی ڕونکردنەوە (MELLINKOFF, 1963, P152).

***نم:** یاسای ژمارە (٦) کاتێک لە یەک ڕستەی یاساییدا دەڵێت: «هەر کەسێک بە دەستی ئەنقەست بێگانەیەک بکوژێت یا کارگەرێک کە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کاردەکەن کە لە هەرێمی کوردستان دا لە کاردان...» تێکەڵبونی بکەری تاک (کارگەرێک) لەگەڵ فرمانی کۆ (کاردەکەن، لە کاردان) شێوازی ڕێزمانی ڕستەکە تێکدەدات.

٣. دابڕان لە زمانی ڕۆژانە: گوتاری یاسایی مەیلی هەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لە زمانی ئاسایی جیا ببێتەوە. ئەم پچڕانە دەتوانێت ڕێگری لە تێگەیشتنی گشتی بکات و متمانە بە سیستەمی یاسایی کەم بکاتەوە. 'تێرسما' جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بۆشایی نێوان زمانی یاسایی و باو کارلێکەکانی نێوان دەسەڵاتی یاسایی و دانیشتوانی گشتی ئاڵۆزتر دەکات. چاکسازییەکان کە زمانی سادە بەرەوپێش دەبەن، هەوڵدەدەن ئەم دابەشبونە تەسک بکەنەوە و شەفافیەتی یاسایی بەرز بکەنەوە (Tiersma, 1999, P66).

نم: یاسای ژمارە (١٠-١٤) بەکارهێنانی وشەی وەک «موقازات»، «ئیفراز»، «ئیستیملاک»، یان شێوازی داڕشتنی زۆر کۆن لەبری هاوتا سادە و باوەکانیان لە زمانی کوردیدا (وەک: قەرەبوکردنەوە، جیاکردنەوەی زەوی، خاوەندارێتی دەوڵەت).

شیکردنەوە: ئەم دابڕانە دیوارێک لە نێوان هاووڵاتی و یاساکاندا دروست دەکات. لە کاتێکدا کە بنەمای یاسایی دەڵێت «نەزانین بە یاسا نابێتە عوزر»، بەڵام خودی زمانەکە هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵکی لێی تێنەگەن.

٤. وەرگێڕانی کولتوری و زمانەوانی: لە چوارچێوەی فرە زمانی و فرە کولتوریدا، وەرگێڕانی چەمکە یاساییەکان کێشەی گەورە دەخاتەڕو، زۆرێک لە زاراوە یاساییەکان لەڕوی کولتوریییەوە تایبەتن و هاوتای ڕاستەوخۆیان لە زمانەکانی تردا نییە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەم نەبونی یەکڕیزی زمانەوانییە دەتوانێت ڕێگری لە دانوستانەکانی پەیماننامە و بەکارهێنانی بەردەوامی دەقە یاساییەکان بکات(Sarcevic, 1997, 109) .

نم: یاسای ژمارە (١٤) هێنانەناوەی دەستەواژەی عەرەبی لە ناو کەوانەدا لە ناو دەقە کوردییەکەدا، وەک: «شارستانی و باری کەسایەتی (القضايا المدنية والاحوال الشخصية)» یان «قەلاچۆکەر (مبيدات)».

شیکردنەوە: ئەم کێشەیە وا دەکات دەقە یاساییەکە ناسەقامگیر بێت و لە نێوان دو زمان و دو کولتوری جیاوازدا، و زمانی کوردی بە لاواز و پاشکۆ پیشان بدات.

٥. گۆڕان لە مانای وشەکەدا: زۆر وشە بە تێپەڕبونی کات مانای خۆیان دەگۆڕن، بەشێوەیەک هەندێکیان سنوردار دەبن، هەندێکیان ماناکانیان فراوانتر دەبێت، هەندێکیان بە مێتافۆر دەگوازرێنەوە، مانای ڕەسەن یان دەمێنێتەوە یان نامێنێت (Dusunge, 2017, P11). لە کاتێکدا زمانی یاسایی بۆ خستنەڕوی ماف و ئەرکە یاساییەکان پێویستە، بەڵام ئاڵۆزییە زمانییەکانی وەکو ناڕونی، سەختی ڕستەسازی، زاراوەی کۆن و ناتەباپی کولتوری بەربەستی بەرچاو دروست دەکەن و دەبنە کێشە لەبەردەم زمانی یاسادا.

نم: یاسای ژمارە (٦)وشەکانی (بێگانە، کارگەر)

لە زمانی گشتیدا، "بێگانە" بە هەر کەسێک دەوترێت کە هاونیشتمانی وڵاتەکە نەبێت، بەڵام ئەم یاسایە ماناکەی بەم شێوەیە گۆڕیوە و بەرتەسکی کردوەتەوە: 'بێگانە' هەر کەسێک کە بە شێوەیەکی ڕەوا دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە و جنسیەی عێراقی نییە و (لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکات) .بەو مانایەی ئەگەر کەسێک بیانی بێت، بەڵام لەو ڕێکخراوانە کار نەکات، بەپێی ئەحکامی ئەم یاسایە ناچێتە خانەی "بێگانە"وە. هەروەها وشەی **'کارگەر'** لە مانا باوەکەیدا یان لە یاسای کاردا بە کەسێک دەوترێت، کە بەرانبەر کرێ کار بکات، بەڵام لێرەدا ماناکەی تایبەت کراوە، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە **'کارگەر'** هەر کەسێک کە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانی عێراقە و **لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکات.**

وشەی (ئەنجومەن) لە یاسای جیاوازدا

وشەی ئەنجومەن (المجلس) چەمکێکی گشتییە، بەڵام لە هەر یاسایەکدا ماناکەی گۆڕانی بەسەردا دێت تا تەنیا دەستەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە:

لە یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا :مەبەست لێی تەنیا «ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت»ە .

لە یاسای وەزارەتی ئەوقافدا :مەبەست لێی تەنیا «ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی»یە .

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٢-٣ دەقی یاسایی:

دەقە یاساییەکان بەشێکن لە گوتاری یاسایی، ڕەنگە پرسیارێک ئاراستەمان بکرێت، کە ئایا چ دەقێک بە دەقی یاسایی دادەندرێت؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین: هەر دەقێک کە پەیوەندی بە یاساوە هەبێت دەتواندرێت بە دەقی یاسایی هەژمار بکرێت، هاوکات ئەو کرداری پەیوەندیدارەیە بەگشتی بە نوسین ئەنجام دەدرێت، کە سیمایەکی یاسایی هەیە و زمان و نۆرمەکانی بواری یاسا بەکاردەهێنێت، لە بەرانبەردا یاسا ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە نۆرمە تایبەتەی، کە کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکان بەپێی ئەوانەوە بەڕێوەدەبرێن و پابەندبونیان لەلایەن ئەندامەکانیانەوە پێویستە، بەم شێوەیە هەر دەقێک لەلایەن کەسانێکەوە بەرهەم بهێندرێت، کە پەیوەندییان بە بواری نۆرمەکانی یاساییەوە هەیە (یاسادانەران، دادوەرەکان، یان بەرپرسانی یاسایی وەک پارێزەر دەسەڵاتیان پێدراوە) و دەتواندرێت بە دەقێکی یاسایی هەژمار بکرێت. یاساکان، دەستوری وڵاتان، فەرمانەکان، حوکمەکان، گرێبەستەکان، یاساکانی پەرلەمان و ئەوانی تر نمونەی ڕوونی ئەم جۆرە دەقەیە، 'دەقی یاسایی جیاوازە لە جۆرەکانی تری دەق لە ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەق، واتە تایبەتمەندییە کرداری و پێکهاتەیی و زمانەوانییەکانیان. دەقە یاساییەکان بە زمانی یاسایی دارێژراون، کە وەک زمانێک بۆ مەبەستی تایبەت یان زمانی لاوەکی، زمانی زانستی، زمانی تایبەتمەند پێناسە دەکرێت' (Sarcevic, 1997, P9).

٢-٤ شیکردنەوەی گوتار:

'شیکردنەوەی گوتار وەک بەردی بناغەی میتۆدۆلۆژی لەناو کایەی توێژینەوەی چۆنایەتیدا وەستاوە، کە سەرنجی لەسەر یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان زمان، پەیوەندیکردن و تابلۆ فرەلایەنەی داینامیکی کۆمەڵایەتییە' (Alek, 2023, p2)، بەواتایەکی تر شیکردنەوەی گوتار شێوازێکی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتییە، کە بۆ شیکردنەوەی زمان لە دەق، گفتوگۆ، یان چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک؛ داینامیکی دەسەڵات و بنیاتەکانی کۆمەڵایەتی بۆ تێگەیشتن لە مانا بەکاردێت، ئەمەش ئامانجی تێگەیشتنی زمانە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی لە دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیاندا، لە شیکردنەوەی وشە و ڕستەکان تێدەپەڕێت بۆ دامەزراندنی تێگەیشتنێکی قوڵتر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، بەڵکو لە ناوەرۆکی زمانەوانی و شێوازی بەکارهێنانی زمان لە دەقێکی دیاریکراودا بۆ گەیاندنی مانا لە ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەکۆڵێتەوە.

شیکردنەوەی گوتار لەبری ئەوەی تەنیا سەرنج بخاتە سەر مانای وشەیی وشە و ڕستەکان، بەدواداچون بۆ ئەو مانایە قوڵە دەکات، کە لە پشت چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی تایبەتدان، ئەم شێوازە لە لێکۆڵینەوەدا مانا و مەبەست لە پشت وشە و دەستەواژەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا شیدەکاتەوە. 'ئەم ڕێبازە باوەڕی وایە زمان زۆر زیاترە لە ئامرازێکی پەیوەندیکردن، هەوڵدەدات ئەو ئاڵۆزییە شاراوانە بدۆزێتەوە، کە بنەمای دەربڕینی بیری مرۆڤن، لە وشەی قسەکراوەوە تا ڕێنوسی نوسراو، لەڕێگەی گەڕانێکی سیستماتیکی زمانەوانی. شیکردنەوەی گوتار وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ هەڵدانەوەی پەیوەندییە زۆر وردەکان و لە هەمان کاتدا قوڵەکانی نێوان زمان و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوری و دەسەڵاتە فراوانەکان کاردەکات' (Alek, 2023, p.2). ئەم ڕێبازە بەدواداچون بۆ ئەوە دەکات، کە زمان چۆن واقیعە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵبدەدات و ڕەنگدەداتەوە، هەروەها تێڕوانین و بۆچونی جیاوازی لەسەرە، بەگشتی شیکردنەوەی گوتار بەواتای هەڵوەشاندنەوە و دوبارە بنیاتنانەوە، یان پارچە پارچەکردنی گشت بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی و دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوانیان و بەستنەوەیان بەیەکتری دێت. شیکردنەوەی گوتاریش بەپێی مەودای شیکردنەوەکە، دەکرێت لە چەندین ئاستی جیاوازدا ئەنجامبدرێت، ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە 'شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتارە' بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەم ڕێبازە بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان بەکاردەهێنرێت لە ئاستی وشەسازی، ڕستەسازی، ڕێنوس و خاڵبەندی.

٢-٥ شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار:

ئەگەر مرۆڤ بیەوێت هێڵکاری سەرهەڵدانی زاراوەی 'شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار' بکات، دەتوانێت ئاماژە بە کارەکانی نۆرمان فێرکلاف بکات بەتایبەت لە کتێبە دەستکاریکراوەکەیدا، کە هۆشیاری زمانی ڕەخنەیی بو، زاراوەی 'شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار'ی بەکارهێنا بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەت کورتی بکاتەوە بۆ 'CDA'. لەو کارەدا، 'شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار'ی وەک فۆرمێکی شیکردنەوەی ڕەخنەی زمانیی جێگیرکرد (Weiss and Wodak, 2003, P35). لە چوارچێوەی سێ ڕەهەند بۆ CDA کە ئاماژەی پێکردوە، ئەوانیش (دەق، پراکتیکی گوتار، پراکتیکی کولتوری کۆمەڵایەتی)، شیکردنەوەی پراکتیکی گوتار؛ بریتییە لە گرنگیدان بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکاربردنی دەق. ئەم تایبەتمەندییەی چوارچێوەکە ئەوە شتانە لەخۆدەگرێت، کە بنەمایەکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، کە شیکردنەوەی دەقەکان نابێت بەشێوەیەکی دەستکرد لە شیکردنەوەی پراکتیزە دامەزراوەیی و گوتارییەکان، کە دەقەکان لەناویاندا چەسپاون، دابڕدرێت (Fairclough, 2013, P9). لەناو شیکردنەوەی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕەخنەیی گوتاردا هەر دەرخستنی واتای ئاڵۆز و نائاسایی ناو دەقەکە نییە، بەڵکو ڕەواندنەوەی تەمومژی و ڕونکردنەوەی ئەو پرۆسانەیە، کە پەیوەندییان بە بەرهەمهێنان و درک پێکردنەوە هەیە، کە ئەو توانایە بە شیکەرەوە دەدات، کاریگەری ئایدۆلۆژی لە زماندا ببینێ و بەوانی تری بناسێنێ (زادە ١٣٨٥, ١٢٣). ئەوەی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار لە نەریتی لێکۆڵینەوەی زمانیی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە زانستی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و زانستی زمان بەتایبەتی 'زمانەوانی ئەرکی سیستەمی هالیدە'ی لەناو چوارچێوەی تیۆر و میتۆدێکی شیکردنەوە و تیۆریدا پێکەوە دێنێ و دیالۆگێک لەنێوانیاندا ڕێکدەخات (Fairclough and Chouliaraki, 2021, P6)، فێرکلاف لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاردا، پێچەوانەی شیکردنەوە نەریتییەکان و زمانناسان چیتر وەک بنەمایەک بۆ ڕونکردنەوەی مانا تەنیا مامەڵە لەگەڵ زمان و وشەسازییەکانی ڕستەدا ناکات، بەڵکو لەوەش زیاتر مامەڵە لەگەڵ فاکتەرەکانی دەرەوەی دەق، دۆخی کولتوری کۆمەڵایەتی تیکست و کونتیکستدا دەکات. پێی وایە، کە CDA ڕێبازێکی تایبەتە لە شیکردنەوەی گوتار، تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە و بارودۆخ و دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی گوتار و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گوتاری لەلایەن گروپە باڵادەستەکان (Van Dijk, 2008, P85). بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی 'فێرکلاف ١٩٩٢' سێ لایەن بەشدارن لە دیاریکردنی ناسنامەی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار، ئەوانیش بریتین لە؛ "هەبونا دیتنەکا ڕەخنەیی، شرۆڤەکرنا دەق و گوتارێ، شرۆڤەکرنا پێرابونێن گوتاری و جڤاکی" (عەلی ٢٠٢٠, ٢٤٦) هەروەها 'فێرکلاف' بەم شێوەیە CDA دەناسێنێت: " بریتییە لە وەسفکردنی دەق، ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەق و کارلێککردن، شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کارلێککردن و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، لەلای فێرکلاف دەق و کارلێککردن و دەوروبەری کۆمەڵایەتی سێ توخمی سەرەکی گوتارن" (فریکلف ٢٠١٦, ١٣٥)

فێرکلاف لەباسی گوتار و شیکردنەوەی ڕەخنە چەند تایبەتمەندییەکی گشتی دەستنیشانکردوە، کە دەتوانن CDA لە فۆرمەکانی تری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە جیابکەنەوە. پێشنیار دەکات لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە وەک CDA هەژمار بکرێت تا ئەو ڕادەیەی، کە هەمو ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە.

- تەنیا شیکردنەوەی گوتار نییە، بەڵکو بەشێکە لە شیکردنەوەی سیستماتیکی نێوان زانستەکان و پەیوەندییەکانی نێوان گوتار و توخمەکانی تری پرۆسەی کۆمەڵایەتی.
- تەنها شرۆڤەی گشتی نییە لەسەر گوتار؛ هەندێک جۆری شیکردنەوەی سیستماتیکی دەقەکان لەخۆدەگرێت.
- تەنها وەسفکەر نییە، بەڵکو نۆرماتیڤیشە هەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەنە گوتارییەکانیان و ڕێگەکانی ئەگەری ڕاستکردنەوە یان کەمکردنەوەیاندا دەخاتەڕو (Fairclough, 2023, P10).

لەلایەکی ترەوە 'ڤان دایک' دەربارەی توێژینەوەی ڕەخنەیی لەسەر گوتار ئەم تایبەتمەندییە گشتیانەی خوارەوەی هەیە، لەنێو ئەوانی تردا:

"بە پلەی یەکەم سەرنجی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پرسە سیاسییەکانە، نەک تەنها لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی گوتار لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان. ئەم شیکارییە ڕەخنەگرانەیە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەزۆری فرە پسپۆرییە. لەبری ئەوەی تەنیا وەسفی پێکهاتە گوتارییەکان بکات، هەوڵدەدات لەڕوی تایبەتمەندییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە ڕونیان بکاتەوە. بە تایبەتیتر، CDA سەرنج دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی، کە پێکهاتەکانی گوتار پەیوەندییەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات (باڵادەستی) لە کۆمەڵگەدا یاسادانان، پشتڕاستکردنەوە، شەرعیەتدان، دوبارە بەرهەمهێنانەوە، یان تەحەدای دەکەن (Van Dijk, 2015, P467).

٦-٢ بنەمای شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار:

فێرکلاف و وۆداک (1997) هەشت بنەمای بنەڕەتی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتاریان پێشکەشکرد، کە ئەم بنەمایانە خاڵی دەستپێک و بەسودن بۆ CDA، کە بەم شێوەیە کورتیان کردوەتەوە:

١. چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.
٢. پەیوەندییەکانی دەسەڵات گرێدراوی گوتارن.
٣. گوتار کۆمەڵگە و کولتور دەگرێتەخۆ.
٤. گوتار کاری ئایدیۆلۆژی دەکات.
٥. گوتار مێژوییە.
٦. ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی-مەعریفی پێویستە بۆئەوەی تێبگەین، کە چۆن نێوەندگیری پەیوەندییەکانی نێوان دەق و کۆمەڵگە دەکات.
٧. شیکردنەوەی گوتار لێکدانەوە و ڕونکردنەوە و میتۆدۆلۆژیای سیستماتیکی بەکاردەهێنێت.
٨. شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار جۆرێکە لە کرداری کۆمەڵایەتی (Rogers, 2004, P2).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ئەم توێژینەوەیە پابەندی هەردو بنەمای شیکردنەوەی گوتارە، کە بە سیستماتیکی میتۆدی (CDA)ی فێرکلاف و ڤان دایک بەکاردێنێت بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان لەسەر ئاستەکانی زاراوەسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، ڕێنوس و خاڵبەندی. هەروەها جۆرێکە لە کرداری کۆمەڵایەتی، چونکە لە دەقەکەدا بە ڕوونی هاتوە، کە زمان و گوتاری یاسایی ڕەنگدانەوەی دایناميکی دەسەڵات، ناهاوسەنگی هێز و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاووڵاتیانن، و زمانی یاسایی ناڕون دەتوانێت بەشداری گشتی پەراوێز بخات، کە ئەمەش گوزارشت لە کرداری کۆمەڵایەتی گوتار دەکات.

'ڤان دایک' لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر لە تواناماندا بێت کاریگەری لەسەر مێشکی خەڵک بکەین، بۆ نمونە، زانیاری، هەڵوێست، یان ئایدۆلۆژیاکانیان ڕەنگە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هەندێک لە کردارەکانیان بکەین، وەک لە ڕازیکردن و دەستکاریکردنەوە دەزانین. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو گروپانەی کۆنترۆڵی زۆربەی گوتاری کاریگەر دەکەن، چانسی زیاتریان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناڕاستەوخۆی دەرون و کردارەکانی ئەوانی تر هەیە.

بۆ ئاسانکردنی ئەم پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزانە زیاتر بۆ ئەم بابەتە، دەتوانین پرسی دەسەڵاتی گوتاری دابەش بکەین بۆ سێ پرسیاری پەیوەندیدار بە یەکەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی CDA:

١. گروپە زلهێزەکان چۆن دەق و چوارچێوەی گوتاری گشتی کۆنترۆڵ دەکەن؟

٢. گوتاری دەسەڵات چۆن کۆنترۆڵی دەرون و کرداری گروپە کەم دەسەڵاتدارەکان دەکات و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو جۆرە کۆنترۆڵکردنە، وەک نایەکسانی کۆمەڵایەتی چین؟

٣. تایبەتمەندییەکانی گوتاری گروپ و دامەزراوە و ڕێکخراوە زلهێزەکان چین و چۆن ئەو جۆرە تایبەتمەندییانە فۆرمەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەکاردێنن؟ (Van Dijk, 2015, P470).

٢-٧ ئامانجی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار:

فان دایك و وۆداك و مایەر (٢٠٠٩) ئامانج و بوارەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتاریان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە کورت کردوەتەوە:

- CDA بە ڕێبازێکی کۆمەڵایەتیانە دادەندرێت، چونکە گرنگی بە بابەت و ئاریشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی، وەکو مافی مرۆڤ، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ڕەگەزپەرستی و ... هتد دەدات.
- فرە ڕێبازە و سود لە چەندین تیۆر میتۆد و کەرەستە پراکتیکیەکانی توێژینەوە وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.
- ڕێبازێکە هەوڵی چارەسەرکردن و ئاشکراکردنی ئاریشەکان دەدات و پشت بە تیۆر و میتۆدێکی دیاریکراو نابەستێت.
- CDA لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات دەکۆڵێتەوە، چۆن دەسەڵاتداران بە بەکارهێنانی زمان و گوتار و میدیا و هۆکارەکانی تر دەتوانن گروپە کۆمەڵایەتییەکان بهێننە ژێر ڕکێفی خۆیان (شێروانی و مستەفا، ٢٠٢٤، ل.٢٦).

٣- لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە پێکدێت لەلایەنی کارەکی توێژینەوەکە، کە تیایدا دەقە یاساییەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی '١٩٩٢'مان وەک نمونە وەرگرتوە و شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی بۆ دەکرێت، کە پێکهاتوە لە '١٦' دەقی یاسایی، کە هەر یاسایەک باس لە بابەتێکی جیاواز دەکات، شیکردنەوەکە لەسەر ئاستی زاراوەسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، ڕێنوس و خاڵبەندییە.

٣-١ زاراوەسازی:

بڕیتییە لە لێکۆڵینەوە لە چەمکە تایبەتمەندەکان و ناوناڵی زمانەوانی یان زاراوەکانیان، ئەم یەکە زانیارییە تایبەتمەندانە دەرەنجامی پەرەسەندنی پڕۆسەی مەعریفی و پەیوەندی نێوان پسپۆڕانی کۆمەڵگەیەکی زمانی تایبەتن (Sager, 1997, P25). کارەکانی زاراوەسازی سەرنج دەخاتە سەر وەسفکردنی پێکهاتەکانی زانیاری تایبەت و چۆنێتی گواستنەوەیان لە چوارچێوەی پەیوەندییە جیاوازەکاندا، هەروەها بڕیتییە لە ڕێکخستن و تۆمارکردنی مانا و بەکارهێنانی زاراوەکان لە سەرچاوەی زاراوەکاندا وەک بنەمای زاراوە، فەرهەنگ، کە دەتواندرێت بۆ کۆدکردنەوە و دروستکردنی دەق بەکاربهێندرێت. 'زۆربەی ئەو نوسەرانەی باسی زاراوەسازیان کردوە لەسەر ئەوە کۆکن، کە زاراوەسازی وەک زانستێک بایەخ بە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمانەوانی دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە و گوزارشتیان لێدەکات و ناویان بۆ دادەنێت' (تاهیر، ٢٠٢٠، ل.٨٤). زانستی یاساش یەکێکە لەو بوارانەی، کە زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و جیایدەکاتەوە لە زانستەکانی تر.

یاسا لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت و جێبەجێ دەکرێت و پراکتیزە دەکرێت، یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی زمانی یاسایی زاراوەی یاساییە، 'زاراوەی یاسایی نەک تەنها لە گوتارە یاساییە تایبەتمەندەکاندا ئامادەیە، بەڵکو پسپۆرییەکانی تر و زمانی گشتی دەگرێتەوە،

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هەروەها چالاکییە بەرفراوانەکەی زاراوەسازی بەهۆی ئاڵۆزیی هەستپێکراوی زمانی یاسایی و نارونیی زاراوە یاساییەکان بە تایبەتی پاڵنەرە، هەروەک زاراوە سەرچاوەیەکی بەردەوامی دادگاییکردنە' (Sarcevic, 1997, P241). لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەمان بەو زاراوە یاساییانە داوە لەگەڵ ڕونکردنەوەی پێویستی ماناکەی بەپێی ئەو دەقە یاساییەی تیایدا بەکارهاتوە بەسود وەرگرتن لەم سەرچاوە (صادق و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ل.٨) و ئەو پێناسانەی لەناو دەقە یاسییەکاندا هاتون.

خشتەی ژمارە (١) زاراوە یاساییەکان

ماناکەی	زاراوە	ماناکەی	ڕاوە
مانای دەفتەر یان بەڕێوەبەرایەتیی تایبەت دەدات بۆ کارە ئیداریەکانی سەرۆکایەتی.	دیوانی تایبەت	پەرلەمان، ئەنجومەنی یاساسازی هەرێمی کوردستانە، کە دەسەڵاتی چاودێری و پەسەندکردنی یاسای هەیە.	ئەنجومەنی نیشتمانی
مەرجی یاسایی دیاریکراو بۆ پاڵێوراوبون لە ماددەی ٥دا.	مەرج	سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق.	سەرۆک
دەرچونی یاسای فەرمی لەلایەن ئەنجومەن یان سەرکردە.	بڕیار	مافی یاسایی دابینکراو بۆ سەرکردە یان وەزیر بەپێی ماددەکان.	ماف
بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەرێمە کە لە سەرۆک و جێگر وەزیرەکان پێکدێت.	ئەنجومەنی وەزیران	کەسی سەرەکییە، کە بەڕای گشتی هەڵدەبژێردرێت و نوێنەرایەتی بزوتنەوە دەکات.	سەرکردە
هیچ کەسێک لەسەروی یاساوە نییە، هەمو کارێک دەبێت بەپێی یاسا بێت.	سەروەری یاسا	دادگەی دوەمی تەماشاکردنی داواکاریی و بڕیارەکانە لەبارەی پاڵێوراوان.	دادگای (استئناف)
ڕێسای فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە پەسەند دەکرێت.	یاسا	ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردندا.	دەنگدەر
ئامانجی پاراستنی ئارامی دەوڵەت و کۆمەڵگە.	ئاسایش	ئەو کەسەی سەرکردەکە نوێنەرایەتی دەکات لەبەرانبەر دەنگدەران.	نوێنەر
خەرجی ساڵانەی حکومی، کە ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی دەکات.	بودجەی گشتی	کاری نادروستی فەرمانبەر، کە دەبێت بەرپرسیاری بکرێتەوە.	تاوان
ئەو کەسانەی بەشداری ئەنجومەنی بالا دەکەن بەبێ سەرۆکایەتی.	ئەندام	بەشداربونی فەرمی لە دامەزراوەیەکی دیاریکراو.	ئەندامایەتی
چوارچێوەی خوێندن و فێرکردنی دیاریکراو.	پرۆگرامی پەروەردەیی	فێرکاری بۆ هەمو چینەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی.	پەروەردەی گشتی
بەڕێوەبردنی کارگێڕیی دەزگاکان.	بەڕێوەبردن	ئاماژەیە بۆ پلە بااڵکانی ناو دەوڵەت.	پلەی تایبەت
بەشی تایبەتی یاسا، کە بابەتێکی دیاریکراو دادەگرێت.	ماددە	واتە بڕیارەکە وەک یاسایەکی کارپێکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.	هێزی یاسایی
بڕی پارەی دیاریکراو بۆ خەرجیی وەزارەت.	بودجە	کۆدی ناسنامەی فەرمی بۆ بڕیاری دەرکراو.	ژمارەی بڕیار
ماددەی سێیەم ئاماژە بۆ یاسای ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ دەکات. ئەگەر سزای ئەم یاسایە سوکتر بێت، ئەوا سزای یاسای عێراقی جێبەجێ دەکرێت.	یاسای سزادانی عێراق	بەرزترین لێژنەی بڕیاردەری ناوەوەی وەزارەتە.	ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
ماددە و ئامێرە سەربازییەکان.	تەقەمەنی (متفجرات)	ئاشوریەکان، تورکمان و عەرەب و ئەوانی تر	کەمایەتییەکان
خانوبەرە یان زەوی بە خاوەندارێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە.	مۆڵک	بزوتنەوەی چەکداری دژ بە دەسەڵاتی بیانی.	شۆڕش
دەستەی بەڕێوبەری کاروباری فەرمی هەرێم.	حکومەت	ئەندامی هێزی چەکداری کوردستان.	پێشمەرگە
شوێنی پاراستنی میراتی مێژوویی.	ئەنتیکەخانە	جێبەجێکردنی داد بەڕێگەی یاسا و دادگا.	دادوەری
بڵاوکراوەی فەرمی حکومەت، کە یاساکانی تێدا بڵاودەکرێنەوە.	ڕۆژنامەی ڕەسمی	ناوچە و گوندە وێرانبوەکان، کە دەبێ ئاوەدان بکرێنەوە.	وێرانکراوەکان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

القضاء	سیستەمی دادگایی.	ساغلەمیی	پاراستنی تەندروستی هاوولاتیان
میراتی کولتوری	ئەو دامەزراوە و بنکە کولتوریانەی، کە لەکاتی پێشدا مابوەوە.	سیستەمی یاسایی	کۆی ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە لەناو دەوڵەتێکدا کار دەکەن.
مافەکانی مرۆڤ	مافە بنەڕەتییەکانی کەسایەتی مرۆڤ، کە یاسای نێودەوڵەتی دەیپارێزێت.	بەندی یاسا	بەشی تایبەتی لەناو یاسا، کە مانایەکی دیاری هەیە.
استثمار	سەرمایەی کارکردن، بۆ بەدەستهێنانی قازانج.	هەڵوەشاندنەوە	کۆتاییهێنان بە کارێکی یاسا یان دامەزراوەیەک.
پشت ڕاستکردنەوە	پەسەندکردنی فەرمی بڕیار یان یاسا.	سەرمایە گوزاری	خستنەناوی پارە بۆ پرۆژەی ئابووری.
موچە	ئەو بڕە پارەیەیە کە دیاری کراوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان و پلەبەندی فەرمانبەرانی میری بۆ کارمەندانی دەوڵەت لەبەرامبەر پابەندبون بە کارەکەی لەماوەی مانگێکدا.	الجهل بالمبادئ القانونية الاولية	نەزانینی بنەماکانی سەرەتایی یاسا . وەک هۆکاری دەرکردنی دادوەر لەکار.
ڕاوێژکاری	مافی پێشکەشکردنی بۆچونی پسپۆرانەی یاسایی هەیە بەبێ ئەوەی پابەندیی بڕیار بێت.	الاستئناف	دادگای پێداچونەوە . ئەو دادگایەی، کە لە بڕیاری دادگای خوارێ پێداچونەوە دەکات.
مافی دەستوری	مافە دیاریکراوەکان لە دەستوردا.	کۆمسیون	گروپێکی تایبەت بۆ کارێکی دیاریکراو.
التمییز	دادگای پێداچونەوەی بەرز، بەرزترین ئاستی پێداچونەوە.	الاحداث	دادگای هەرزەکاران . تایبەتە بە منداڵان و هەرزەکاران، کە تاوانیان کردوە.
الجنح	دادگای تاوانی کەتن . تایبەتە بە تاوانی بچوکتر لە جنایات.	مجلس القضاء	ئەنجومەنی دادوەری . بەرزترین دەسەڵاتی کارگێڕی لە دادوەریدا.
التحقيق	دادگای لێکۆڵینەوە . ئەرکی تەحقیقکردن و کۆکردنەوەی بەڵگەیە.	الكاتب العدل	نوسەری دادی . ئەو کەسەی بەڵگەی فەرمی و یاسایی دروست دەکات
المناصب القضائية	پلەکانی دادوەری . پلەبەندی کارمەندانی دادوەری	الانتداب	سپاردن، نێردنی کارمەندێک بۆ کارکردن لە شوێنێکی تر بەکاری وەزیفەیەکی تایبەتەوە.
التنفيذ	جێبەجێکردن، ئەنجامدانی بڕیاری دادگا	الخطأ الفاحش	هەڵەی گەورە . هەڵەیەکی دادوەری کە پێویستی بە ئاکامی تایبەت هەیە.
دادگا مەدەنییەکان	پلە یان دەسەڵاتی بەرپرسایەتی بەرزی کارگێڕی لە یەکەیەکدا.	سەرۆکایەتی	دادگای تایبەت بە مافی تاکەکەسی و مافی مەدەنی.
الترقية	قەدەغەکردنی فرۆشتن یان گواستنەوەی موڵک بۆ ماوەی دیاریکراو.	حیجزکردن	بەرزکردنەوەی پلە .گواستنەوەی کارمەند بۆ پلەی بەرزتر.
موچەخۆر	بەکارهێنان و سەروەریکردن لەسەر موڵک.	تصرف	کارمەندی فەرمی میریە، کە موچەی مانگانەی لە دەوڵەت وەردەگرێت.
الجنايات	کرێی گونجاو و ڕەسەن، کە لە یاسا دیاریکراوە، نەک زیاتر.	ئیجارەی عادلانە	دادگای تاوانی گەورە، تایبەتە بە تاوانی گەورەکان.

ئەگەر سەیری ئەم زاراوانەی سەرەوە بکەین، دەبینین تێکەڵەیەکە لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، چونکە زمانی یاسایی کوردی لە ساڵی ١٩٩٢ زمانێکی نیمچە گەشەکردو بو لەنێوان سیستەمی ڕێنوسی عەرەبی و هەوڵی بنیاتنانی ناسنامەی یاسایی کوردی لە لایەکی تردا. زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی سەرەکی وەک زمانی یاسایی مابویەوە، هەر لەبەر ئەمەیە یەکەم و گرنگترین تایبەتمەندی ئەو دەقانە ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری زاراوەی یاسایی بەڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە وەرگیراوە بەبێ ئەوەی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی. بە نمونە: **'الاستئناف، التمییز، الجنایات، الجنح، الاحداث، التحقیق، مجلس القضاء، الکاتب العدل، الانتداب، الترقیة'** هەموی وشەی عەرەبی خامن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە دەزگای یاسایی کوردستان لەو سەردەمەدا بەردەوام بو لە بنەمای سیستەمی ڕێنوسی زمانی یاسایی عەرەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە پەرە بە زمانی کوردی بدرێت و لەنێو دەقەکاندا بەکاربێنن، ئەگەرچی ڕونە زمانی بنەڕەتی نوسینی دەقە یاساییەکان زمانی عەرەبی بوە و یاساکان لەدوای پەسەندکردنیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. لێکدانەوەی ڕەخنەییانەی زاراوەسازی لە چوارچێوەی مۆدێلە تیۆرییەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاردا، لە ناساندنی فەرهەنگی وشەکان دەردەچێت و گۆڕانکاری بەسەر دەقەکەدا دەهێنێت، بەوەی زاراوەکان وەک ئامرازێکی دینامیکی و هۆشیاری بونیادنانی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

دەسەڵات، ئایدیۆلۆژیا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە. لەم ڕوانگەیەوە و بەپێی مۆدێلی سێ ڕەهەندیی فێرکلاف، هەڵبژاردنی زاراوە ئاڵۆز یان تەمومژاویيەکان لایەنێکی بێلایەنی زمانەوانی نییە، بەڵکو گوزارشت لە کردارێکی کۆمەڵایەتیی ئامادەکراو دەکات، کە ئامانج لێی چەسپاندنی باڵادەستی دامەزراوەیی، دیاریکردنی شوناسی بەکارهێنەران و دروستکردنی سنورە لەنێوان دەسەڵاتی بڕیاردەر و هاووڵاتیاندا. لەبەرئەوە، شیکردنەوەی ڕەخنەیی زاراوەکان پەرەپێدەدات بۆ ئاستی ڕونکردنەوەی ئەو میکانیزمانەی کە چۆن زمان دەتوانێت لەڕێگەی زاراوەسازییەوە پەراوێزخستنی زمانەوانی یان بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی چینە جیاوازەکان ئاڕاستە بکات و بەرهەمی بهێنێتەوە.

٣-٢ وشەسازی:

وشەسازی لە دەقە یاساییەکان و تایبەتەمەندییەکانی پەرلەماندا بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی زاراوەی یاسایی ڕێگەیەکی گرنگە، کە یارمەتی دەدات وردبینی و ڕونکاری لە یاساکاندا هەبێت، ڤارۆ و هیوز دەڵێن: ڕەنگە وشەسازی یاسایی دابەش بکرێت بەسەر سێ گروپدا: وشەسازی تەکنیکی، وشەسازی نیمچە تەکنیکی 'یان زاراوەی باو بە مانای نائاسایی، وەک لەلایەن دانێت (١٩٨٥) پێشنیار کراوە'، وشەسازی هاوبەش، باو یان بێ نیشانە.

شیکردنەوەی دەقە یاساییەکانی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان لە ڕوانگەی شیکارگوتاری ڕەخنەیی و لەسەر ئاستی وشەسازی، چەندین کێشە و تایبەتمەندی دەخاتەڕوو، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی، مێژوویی و زمانیی ئەو سەردەمەن، لێرەدا گرنگترین ئەو کێشانە دەستنیشان دەکەین، کە لە بەکارهێنانی وشەکان لەناو دەقەکاندا دەبیندرێن:

١. نادیاری و گشتگیری لە تێرمە یاساییەکاندا: لە زۆربەی دەقەکاندا، کۆمەڵێک وشە بەکارهاتون، کە لە ڕوی یاساییەوە مانایەکی لاستیکییان هەیە و دەکرێت بە چەندین شێوە لێکبدرێنەوە. ئەمە لە شیکردنەوەی گوتاردا بە ئامرازێک بۆ هێشتنەوەی دەسەڵات لە دەستی لایەنی جێبەجێکاردا دەبیندرێن.

نم: دەستەواژەی **"شیاوی و ئەهلیەتی تەواو"** 'یاسای ژ١'.

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم وشە پێناسەیەکی زانستیی کۆتای بۆ نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتواندرێت بە ئارەزوی خۆیان بەسەر نەیارەکانیاندا جێبەجێی بکەن.

نم: "سزایەکی ڕێکوپێکی **گونجاو**"، "ئەو کارەی **دراوەتە پاڵی**".

شیکاری ڕەخنەیی؛ وشەی **"گونجاو"** وشەیەکی لاستیکییە. لە شیکاری گوتاری ڕەخنەییدا، ئەم جۆرە وشانە بە "کونیلکەی دەسەڵات" دادەندرێن؛ چونکە ڕێگە دەدات بەپێی بەرژەوەندی خۆیان وەسفی "گونجاو" یان "نەگونجاو" بۆ سزایەک بکرێت.

٢. زاڵبوونی وشەسازی: گوتاری یاسایی ساڵی ١٩٩٢ پڕە لەو وشانەی، کە دەیانەوێت شەرعییەتی "شۆڕشگێڕی" بگۆڕن بۆ شەرعییەتی "دەوڵەتی"، بەڵام هێشتا لەناو وشەسازییە کۆنەکەدا ماونەتەوە. یاسا دەبێت زمانێکی تەکنیکی و وشک و بێلایەنی هەبێت، بەڵام لەم دەقانەدا وشەگەلێکی پڕ لە بارگاوی سیاسی و سۆزداری بەکارهاتون، کە زیاتر لە "بەیاننامەی حیزبی" دەچن نەک یاسا.

نم: "بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" لەناو دەقێکی یاسایی پەرلەمانیدا 'یاسای ژ ٢ و ٥'.

شیکاری ڕەخنەیی؛ لەڕوی وشەسازییەوە، ئەمە تێکەڵکردنی زمانی "سەنگەر و شۆڕش"ە، لەگەڵ زمانی "دامەزراوەیی". ئەم تێکەڵییە نیشانەی ئەوەیە، کە دەقەکە هێشتا نەیتوانیوە لەژێر سێبەری پارتەکان بێتە دەرەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەت.

لە یاسای ژمارە ٧دا، تێکەڵییەک لەنێوان وشەسازی ئایینی و نەتەوەیی دەبیندرێت.

نم: بەکارهێنانی وشەی وەک **"ئایینی حەنیفی ئیسلام"** لە تەک **"خزمەتکردنی نیشتمان"**.

شیکاری ڕەخنەیی؛ لە شیکاری گوتاردا، ئەمە وەک "بەکارهێنانی ئایین بۆ شەرعییەتدان بە نەتەوە" دەبیندرێت. وشەسازییەکە دەیەوێت بڵێت، کە ئایین و نیشتمانپەروەری یەک شتن، ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سۆزی چینی ئاینییە بۆ ناو گوتاری سیاسی نوێ.

نم: وشەکانی وەک **"قارەمانیتی"**، **"تیکوشەر"**، **"پیرۆز"** 'یاسای ژ ١٠دا'

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم وشەسازییە شەرعییەت لە "یاسا" وەک دامەزراوەیەک وەرناگرێت، بەڵکو لە "مێژوی خەبات" وەری دەگرێت. ئەمەش لەڕوی ڕەخنەییەوە نیشانەی ئەوەیە، کە یاسادانەر ویستوویەتی سۆزی جەماوەر بەکاربهێنێت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی.

٣. کێشەی وەرگێڕانی وشە لە عەرەبییەوە: زۆربەی دەقەکان کاریگەرییەکی زۆری زمانی عەرەبییان پێوە دیارە، نەک تەنها لە بەکارهێنانی وشەکاندا، بەڵکو لە شێوازی دارشتنی "وشە بۆ وشە"دا.

نم: "ئیلتیزام"، "ئیجرائات"، "کاربەدەست" و **"بەرژەوەندییەکانی گەل"**.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەمە دەبێتە هۆی دروستبونی "گوتارێکی لاساییکەرەوە". زمانی یاسایی کوردی لەو سەردەمەدا لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای فەرهەنگی کوردی دابڕێژدرێت، بوەتە وەرگێڕدراوێکی وشەیی بۆ یاسا عێراقییەکان، کە ئەمەش ڕەسەنایەتی یاساکە لێژ دەکات، بۆنمونە لە یاسای ژمارە١٤دا (یاسای دەسەڵاتی دادوەری)، وشە عەرەبییەکان لەناو کەوانەدا داندراون.

نم: (البداءة)، (الاستئناف)، (الأحداث)، (العدالة)، (تنفيذ)، (التحقيق).

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەمە لە شیکاری گوتاردا بە **"دڵەڕاوکێی ناسنامەی زمانی"ی** ناودەبردرێت. یاسادانەر متمانەی بە وشە کوردییەکە نییە، کە بتوانێت مانا یاساییە قوڵەکە بگەیەنێت، بۆیە پەنا بۆ "وشەی باو" (عەرەبی) دەبات. ئەمە دەریدەخات، کە زمانی کوردی لەو قۆناغەدا هێشتا لەژێر هەژمونی فەرهەنگی دەوڵەتی عێراقیدا بوە. لە لاپەڕەی یەکەمی یاساکەدا، دەبینین یاسادانەر چەمکە سەرەکییەکانی پۆلێنکردنی دادگاکانی لەناو کەوانەدا بە عەرەبی داناوە.

دەقەکە دەڵێت: دادگای تێ هەڵچونەوە **(الاستئناف)**، دادگای سەرەتایی **(البداءة)**، باری کەسایەتی **(الأحوال الشخصية)**، تاوان **(الجنايات)**، کەتن **(الجنح)**.

شیکاری ڕەخنەیی؛ لەڕوی گوتارەوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە "مانای یاسایی" لە مێشکی وەرگێڕی یاسایی کورد دا هێشتا بە زمانی عەرەبی بەستراوەتەوە. وشە کوردییەکە وەک "پاشکۆ" یان "وەرگێڕانێکی فەرمی" دەردەکەوێت، نەک وەک زمانێکی ڕەسەنی یاسایی.

٤. "هێز و یاسا" لە وشەکاندا: بەکارهێنانی هەندێک وشە، کە ماناکانیان لەگەڵ یەکتردا ناتەبایە لەناو یەک ڕستەدا.

نم: لە یاسای ژ ٥دا باس لە **"پێویستیی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە"** دەکرێت لە تەک **"چەسپاندنی دەسەلاتی یاسا".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ وشەی "پێشمەرگە" لەو سەردەمەدا ئاماژە بو بۆ هێزێکی حیزبی، لە کاتێکدا "یاسا" ئاماژەیە بۆ بێلایەنی. کۆکردنەوەی ئەم دو وشەیە لە یەک گوتاردا نیشانەی بونی "ناکۆکیی ناوەکی"یە لە شوناسی دەسەڵاتی ئەو کاتەدا.

لە یاسای ژ ٦ و ٨دا، وشەکان بە جۆرێک داڕێژراون، کە سنورێکی تەڵخ لەنێوان "تاوانی ئاسایی" و "تاوانی سیاسی" دروست دەکەن.

نم: دەستەواژەی **"کارکردن لەگەڵ دوژمنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ وشەی **"دوژمن"** چەمکێکی سیاسییە نەک یاسایی. کێ دیاری دەکات کێ دوژمنە؟ بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لە یاسادا ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی لەژێر ناوی یاسادا.

لە ماددەی یەکەمدا وشەی وەک **"سەروەری"** و **"سەربەخۆیی"** بەکارهاتون. (یاسای ژ١٤).

دەقەکە دەڵێت: "دادگا سەربەخۆیەو جگە لەیاسا هیچ **سەروەرێکی** تری نی یە و نابێ ...".

شیکاری ڕەخنەیی؛ بەکارهێنانی وشەی "سەروەر" بۆ یاسا لە گوتارێکی نوێدا، هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی چەمکی "سەروەریی سەرۆک/دکتاتۆر" بۆ "سەروەریی دەق"، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە ئەم یاسایە خۆی لەژێر سێبەری "بڕیاری ژمارە ٤٩"ی پەرلەمان دەرچوە، کە ئەمەش ناتەباییەک لەنێوان وشەی "سەربەخۆیی" و ڕاستی گوتارەکەدا دروست دەکات.

لە یاسای ژ ١٢ و ١٥دا، وشەکان بە جۆرێک هەڵبژێردراون، کە هەمو دەسەڵاتەکان لە یەک وشەدا چڕ دەکەنەوە: **"وەزیر".**

نم: دوبارەبونەوەی دەستەواژەی **"بۆ وەزیر هەیە"، "بە ڕەزامەندی وەزیر"، "وەزیر سەرۆکی بااڵیە".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم وشەسازییە گوتارێکی "هەڕەمی" بەرهەم دەهێنێتەوە. لەبری ئەوەی وشەکان ئاماژە بن بۆ "دامەزراوە"، ئاماژەن بۆ "کەسایەتی وەزیر". ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە گوتاری یاسایی ئەو کاتە هێشتا نەیتوانیوە مۆدێلی "فەرماندە" لە مێشکیدا بسڕێتەوە و گۆڕیویەتی بۆ "وەزیر".

٥. نەبونی "تەبایی وشەسازی": لەنێوان چەند یاسایەکدا، بۆ یەک چەمکی یەکگرتو، چەندین وشەی جیاواز بەکارهاتون.

نم: "دایەرە"، "فەرمانگە"، "دامودەزگا". یان وشەی **"ئیلتیزام".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم پەرتەوازەییە لە وشەسازیدا نیشانەی ئەوەیە، کە "ناوەندێکی زمانیی یەکگرتو" بۆ دارشتنی یاسا بونی نەبوە. هەر لێژنەیەک بەو فەرهەنگە وشەییەی، کە لەژێر کاریگەریی خوێندنی عەرەبی یان شێوەزارێکی دیاریکراودا بوە، یاساکەی نوسیوە.

ئەم شیکارییە دەریدەخات، کە گوتاری یاسایی سااڵی ١٩٩٢، گوتارێکی 'ڕاگواستنی ناتەواو' بوە لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ دامەزراوەیی، بە جۆرێک بەکارهێنانی تێرمە لاستیکییەکان، هەژمونی زمانی عەرەبی، و ڕەهەندە سیاسی و جێندەرییەکان، نیشانەی نەبونی سەربەخۆیی دەق یاسایین و دەقەکەیان لە چوارچێوەی ڕەزامەندیی سیاسی و کۆنترۆڵی هەڕەمیدا هێشتوەتەوە.

٣-٣ ڕستەسازی:

سینتاکس بەشێکی سەرەکی زانستی زمانە، کە ڕێسا و یاساکانی پێکهاتنی ڕستە لە زمانێک دیاریدەکات، باس لەوە دەکات چۆن کردار و ناو و پەیوەندییەکان بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی ڕێکوپێک و مانادار پێکەوە دەبەسترێنەوە، هەروەها بۆئەوەی لە ڕستەیەک تێبگەین 'پێویستە ئەو ڕستە ناوکیانە بزانین، کە لێیەوە سەرچاوەی گرتوە، هەروەها ڕستەسازی چەند جۆرێکی سەرەکی هەیە، لەوانە؛ ڕستەی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

سادە و لێکدراو، کە ڕستەی ئاڵۆز و ئاوێتە لەخۆدەگرێت. ئەم ڕستانە ڕێگە بە گەیاندنی بیرۆکەی ئاڵۆزتر دەدەن بە بەکارهێنانی پەیوەندییە هەماهەنگ و ژێردەستەییەکان. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی دەقی یاسایی، ڕستەسازی چڕ و وردە، زۆرجار ڕستە یاساییەکان لە نوسینی گشتی درێژترن، بە چەندین برگەی ژێردەستە و دەستەواژەی مەرجدار داڕێژراون، کە ئامانجیان داپۆشینی هەمو ڕوداوێکە، ئەم ئاڵۆزییە بە ئەنقەستە، چونکە بە دیاریکردنی مەرج و جیاکاری ورد ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە کەمدەکاتەوە. 'Cao' ئاماژە بەوە دەکات، تایبەتمەندییەکی باوی ڕستەسازی زمانی یاسایی بریتییە لە "شێوازی نوسینی فەرمی و ناکەسی لەگەڵ ئاڵۆزی و درێژی بەرچاو" (Cao, 2007, P21).

بە پشتبەستن بە بنەماکانی شیکارگوتاری ڕەخنەیی و سەرنجدان لە ئاستی ڕستەسازی لەو دەقە یاساییانەی ساڵی ١٩٩٢، دەکرێت چەند کێشە و خەسڵەتێکی سەرەکی دەستنیشان بکەین. لەم دیدگایەوە، ڕستەسازی تەنیا ڕێزمان نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ نواندنی دەسەڵات، شەرعییەت و ئایدۆلۆژیا و زۆرجار ئامرازێکە بۆ تەمومژاویکردنی بەرپرسیارێتی یان فراوانکردنی سنوری دەسەڵات بەشێوەیەک کە لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێت. لێرەدا چەند ڕستەیەکیی ناو دەقە یاساییەکان دەستنیشان دەکەین:

١. "بکەر نادیار" و سڕینەوەی بەرپرسیارێتی: ئەمە باوترین کێشەیە لە دەقە یاساییەکاندا. لە زۆربەی یاساکاندا، ڕستەکان بەشێوازی "نادیار" داڕێژراون. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی "بکەری سیاسی" یان "دامەزراوەی بڕیاردەر" لە پشتی دەقەکەوە بشاردرێتەوە.

نم: (یاسای ژ٣): **"وەزارەت بە دەست لەکارکێشاوە دادەنرێ"**

نم: (یاسای ژ٦): **"بە لایەنی کەمەوە بە ساڵێک حەبس کردن سزا دەدرێ".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ لەم ڕستانەدا "بکەری ڕاستەقینە" (ئەو لایەنەی سزا دەدات یان وەزارەت هەڵدەوەشێنێتەوە) دیارنین. ئەم شێوازە ڕستەسازییە وا دەکات یاسا وەک هێزێکی "سروشتی" دەربکەوێت، کە خۆی بڕیار دەدات، بەمەش ڕەخنەگرتن لە بڕیارەکە قورس دەبێت، چونکە "بکەرێکی مرۆیی" دیار نییە تا ڕەخنەی لێ بگیرێت. لە CDAدا ئەمە وەک "سروشتیکردن" دەبیندرێت؛ واتە نیشاندانی بڕیارە سیاسییەکان وەک ڕاستییەکی سروشتی، کە کەس بەرپرسیار نییە لێی.

نم: (یاسای ژ٨): **"هەر کەسێک تەقەمەنی بەمەبەستی تێکدان بەکاربهێنێ ... سزا دەدرێ".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ "سزا دەدرێ" بێ ئەوەی بڵێت "دادگا یان پۆلیس سزا دەدات". ئەمە وا دەکات سزا وەک ئەنجامێکی میکانیکی کارەکە دەربکەوێت نەک بڕیارێکی مرۆیی.

نم: (یاسای ژ١٣): **"ئەرک و کارە تایبەتییەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرین".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ لێرەدا ڕستەکە بە بکەرنادیار هاتوە. شاردنەوەی بکەر لێرەدا (کە وەزیر یان حکومەتە) وادەکات "پەیڕەو" وەک قەدەرێکی یاسایی دەربکەوێت. ئەمە لە CDAدا پێی دەوترێت تەکنیکی شاردنەوەی بەرپرسیارێتی؛ تاوەکو ئەگەر کێشەیەک لە پەیڕەوەکەدا هەبو، ڕوی ڕەخنە ڕاستەوخۆ بەرەو کەسایەتییەکی دیاریکراو نەچێت.

٢. ئاڵۆزی ڕستەسازی: یاساکان پڕن لە ڕستەی درێژ، کە چەندین ڕستەی پاشکۆ و لێکدراویان تێدایە. ئەم درێژییە دەبێتە هۆی ونبونی بکەر و مەبەستی سەرەکی لەناو کۆمەڵێک مەرج و پاشکۆدا. لە ڕوانگەی CDAدا ئەم جۆرە دارشتنە "گوتارێکی نوخبە" دروست دەکات، کە تێگەیشتنی بۆ هاووڵاتی ئاسایی قورس دەبێت، بەمەش دەسەڵاتی یاسایی لای چینێکی تایبەت دەهێڵێتەوە.

نم: (یاسای ژ١٠): **"دانانی نەخشەی کشت وکاڵی ئەوتۆ کە گەشەپێدانی، بەرهەمی کشت وکال لەبوارەکانی ڕوەک وئاژەڵ... بەدی بێنێ".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم ئاڵۆزییە ڕستەسازییە گوتارێک دروست دەکات کە تیایدا هاووڵاتی ئاسایی هەست دەکات یاساکە "تەکنیکی"یە و تەنها نوخبە لێی تێدەگەن. ئەمەش مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵک زیاتر دەکات.

نم: (یاسای ژ١٦): **"ئەگەر کرێاری یەکەمی مۆڵکە دەست بەسەر داگیراوەکە (فضلە)یەکێ لایەنێکی ڕەسمی کرێ بێ وخستبێتییە سەری ... دەکرێتە مۆڵکی خاوەنە ئەسڵییەکەی".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم جۆرە ڕستەسازییە پێی دەوترێت "گوتاری تەمومژاوی". درێژکردنەوەی ڕستەکە و تێهەڵکێشکردنی چەندین مەرج، هاووڵاتی ئاسایی لە تێگەیشتن دادەبڕێت. لەڕوی ڕەخنەییەوە، ئەمە پاراستنی نوخبەی یاساییە؛ واتە تەنها نوخبە دەتوانێت لەم زمانە تێبگات، ئەمەش جۆرێکە لە "هەژمونی مەعریفی" بەسەر خەڵکدا.

نم: (یاسای ژ١٣): **"ئەرک وکارە تایبەتییەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرێن".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ حەوالەکردنی بڕیار بۆ "پەیڕەو" (ڕەوانەکردنی دەق بۆ دەقێکی تر) ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی ناوەندی بڕیار لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٣. هەژمونی زمانەوانی و وەرگێڕانی دەقاودەق 'قەرزە وەرگێڕان': لەڕوی ڕستەسازییەوە، کاریگەرپی زمانی عەرەبی بەسەر دەقەکانەوە زۆر دیارە (وەک لاساییکردنەوەی دەستەواژە یاساییە عەرەبییەکان)، چونکە زمانی نوسینی دەقەکان لە بنەڕەتدا زمانی عەرەبی بوە.

- **نم: "وەزیر بەرپرسیارە ... بەو سیفەتەی ئەندامێکی هاوبەشیتی...."**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەمە وەرگێڕانی دەقاودەق (بصفته عضواً تضامنياً)یە. لە کوردیدا دەکرێت بوترێت "وەک ئەندامێکی..." یان "لەبەر ئەوەی ئەندامە...". بەکارهێنانی "سیفەت" لێرەدا هەژمونی فەرهەنگی یاسایی عەرەبی نیشان دەدات، و دەبێتە هۆی لێل واتایی، کە دەیەوێت شەرعییەتێکی "فەرمی" و "وشک" بدات بە پلەی وەزیر.

بەکارهێنانی "حوکم" لە جیاتی "بڕیار یان یاسا"

نم: **"بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە "...یان "بە حوکمی تەقەمەنی دادەنرێن." "بەپێی حوکمی برگەی..."، "کار بەم یاسایە دەکرێت".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم شێوازە ڕستەسازییە نیشاندەری ئەوەیە، کە گوتاری یاسایی کوردی لەو سەردەمەدا (١٩٩٢) هێشتا لەژێر هەژمونی سیستەمی یاسایی پێشوی عێراقدا بوە. زمانەکە نەیتوانیوە سەربەخۆییەکی تەواو لە داڕشتندا بەدەستبهێنێت، ئەمەش دژبەرییەک لەنێوان "سەربەخۆیی سیاسی" و "پاشکۆی زمانەوانی" نیشان دەدات. وشەی (أحكام) یان (بحكم) لە عەرەبیدا واتا و قورساییەکی زۆری هەیە. وەرگێڕانی بۆ "حوکم" لە کوردییدا، زیاتر مانا "سزا" یان "حوکمی سێدارە" دەبەخشێت، بەڵام یاسادانەری کورد لێرەدا تەنها وەک لاساییکردنەوەیەک بەکاری هێناوە.

٤. بەکارهێنانی "مۆدالیتی" بۆ چەسپاندنی ستونی دەسەڵات: بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک "دەبێ" و "پێویستە" بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکی ستونی (سەرو بۆ خوارو)، کە ئەم یاسایانە پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان ڕێکدەخەن و زمانی فەرمان بەکاردێنن.

نم: (یاسای ژ٣): **"ئەنجومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێ ..."**.

شیکاری ڕەخنەی؛ بەکارهێنانی "دەبێ" لێرەدا تەنها بۆ داهاتو نییە، بەڵکو بۆ سەپاندنی سنورە. ڕستەکە ڕێگەنادات هیچ گومانێک لەسەر "خاوەندارێتی" دەسەڵاتەکان دروست ببێت، کە کۆمەڵێک دەسەڵاتی دیاریکردوە لە یاساکەدا.

نم: (یاسای ژ٤): **"وەزارەت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەی، ئەم کارانە دەکا".**

شیکاری ڕەخنەی؛ ڕستەکە لە باری "ئێستا"دایە، ئەمەش لە CDAدا بۆ نیشاندانی کارێکی بەردەوام و حەتمی کە پێویستی بە مشتومڕ نییە بەکاردێت.

نم: (یاسای ژ١٤): **"دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ ڕستەسازییەکە لێرەدا فەرمانییە. بەکارهێنانی "دەبێ" نیشاندەری گوتاری باڵادەستە. لە شیکردنەوەی ڕەخنەییدا، ئەمە نیشان دەدات، کە دەقەکە دانوستان قبوڵ ناکات و تەنها لە یەک ئاڕاستەوە (دەسەڵاتی یاسادانان) بەرەو خوارەوە (وەزارەتەکان) دەچێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئامرازەکانی جێبەجێکردن.

٥. بەکارهێنانی سەلمێندراوی پێشوەختە: ڕستەکان بەجۆرێک پێکەوە دەبەسترێن، کە هەندێک بۆچونی ئایدۆلۆژی وەک ڕاستی سەلمێندراو دەخەنە ناو دەقەکەوە بەبێ ئەوەی ڕێگە بە گفتوگۆ بدات.

نم: (یاسای ژ١): **"...بڕیارێکی سەبارەت بەم بارە نائاسایی و سەختە... دەرکرد بە تەرخانکردنی '٥' کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتیی ئاشوری بەهەمو تایەفەکانیانەوە ...".**

شیکاری ڕەخنەیی؛ بەکارهێنانی ڕستەی نادیار "دەرکرا" و "تەرخانکرا" بێ ئەوەی ئاماژە بە ململانێ سیاسییەکان بکرێت، وا نیشان دەدرێت، کە ئەمە پرۆسەیەکی سروشتی و بێ کێشەیە. ئەمە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغە نائاساییەکە بو.

نم: (یاسای ژ٧): **"ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کە دەربڕی ڕاستەقینەی ئیرادەی گەلی کوردستانە"**.

شیکاری ڕەخنەیی؛ ڕستەکە بە "سەلمێندراو" دایدەنێت، کە ئەنجومەن ئیرادەی گەلە. لەڕوی گوتارییەوە، ئەمە شەرعییەتێکی "تاکڕەهەند" بە دامەزراوەکە دەبەخشێت و ڕێگە لەو پرسیارە دەگرێت، کە "ئایا بەڕاستی وایە؟". زمان لێرەدا دەبێتە ئامرازی "سەپاندنی شەرعییەت".

نم: (یاسای ژ١٥): **"وەزیر بۆی هەیە ... ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بەناوی ئەنجومەنی ... گەشتوگوزار پێکبێنێ... بەو سیفەتەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە."**

شیکاری ڕەخنەیی؛ لێرەدا ڕستەکە "بەرپرسیارێتی هاوبەش" وەک ڕاستییەکی پێشوەختە دەسەلمێنێت، کە ئەم جۆرە داڕشتنە ڕێگرە لەوەی خوێنەر یان ژۆپژۆزیسیۆن بپرسێت: "کێ بەرپرسیارێتییەکە دیاری دەکات؟". ئەمە تەکنیکی "داخستنی گوتاری"یە، واتە ڕێگەگرتن لە هەر پرسیارێکی ڕەخنەیی لە دەقەکە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لە شیکاری ڕەخنەییدا، ڕستەسازی تەنها ڕێزکردنی وشە نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ نیشاندانی هێز، شاردنەوەی بکەر، یان سەپاندنی ئایدۆلۆژیایەک.

٣-٤ ڕێنوس:

ڕێنوس کۆمەڵێک هێمای زمانین بۆ زمانی نوسراو سەبارەت بەوەی، کە چۆن وێنەکان دەبێ لەگەڵ دەنگەکانی زمانی قسەکردندا بگونجێن، هەروەها ڕێنوس بەپێی بنەمای ئەلفوبێ وەک نوسینەوەی دەنگەکانی قسەکردن سەرچاوەی گرتوە، لەنێوان سیستەمی نوسینی ئەلفوبێیی و سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانێکدا کاریگەریی هەیە. بلومفیلد تێبینی ئەوە دەکات، کە "نوسین زمان نییە، بەڵکو تەنیا شێوازێکە بۆ تۆمارکردنی زمان بەڕێگەی نیشانە بینراوەکان" (Bloomfield, 1933, P21).

بۆ دەستنیشانکردنی هەڵە ڕێنوسییەکان لە دەقە یاساییەکانی ساڵی ١٩٩٢دا، پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەم دەقانە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویدا نوسراون، کە تیایدا "زمانی یاسایی" کوردی هێشتا لەژێر کاریگەریی قوڵی زمانی عەرەبی و ستانداردنەکردنی ڕێنوسییدا بوە، لێرەدا دیارترین هەڵەکان دەخەینەڕو:

١. هەڵەی پیتە بزوێنەکان و فۆنتەکان: گۆڕینی پیتە بزوێنەکان لە زۆربەی دەقەکاندا بەدی دەکرێت:

- بەکارهێنانی پیتی (ی) لەجیاتی (ێ): لە زۆر شوێنی ناو دەقەکاندا ئەم تێکەڵییە دەبیندرێت؛ وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

نم: "بە جیهینانی"، کە دەبێت **"بەجێهێنان"** بێت. هەروەها **"دریژ"** لەجیاتی **"درێژ"**. **"پالیوراو"** لە بری **"پاڵێوراو"**، **"بزانی""بزانێ"**، "هینان" "هێنان". (لە کۆتایی فرمانەکاندا زۆرجار 'ی' و 'ێ' تێکەڵ کراون).

- تێکەڵکردنی پیتی (هـ) و (ە) :لە کۆتایی وشەکاندا، زۆرجار (هـ) کە نیشانەی پیتی عەرەبییە، بەکارهاتوە لەجیاتی (ە)ی کوردی.

نم:" دایە رە" لەجیاتی **"دائیرە" یان "فەرمانگە." تێکەڵکردنی (هـ) و (ە):** وشەی "وە زارە ت" لە زۆربەی دەقەکاندا بە شێوەی (وەزارت) یان (وە زارەت) دەردەکەوێت، کە کاریگەری زمانی عەرەبی پێوە دیارە. "هە لبژاردنە" (بۆ مەبەستی ناسراوکردن) زۆرجار وەک "هە لبژاردنە" یان بە "هـ"ی عەرەبی نوسراوە کە بزوێن نییە.

- کێشەی (ڵ) و (ل): بەهۆی نەبونی (ڵ) لە ئامێرەکانی چاپ، (ل)ی سادە بەکارهاتوە.

نم: "کشت و کال" لەجیاتی **"کشتوکاڵ."**، **"پول"** لەبری **"پۆڵ"، "پالاوتە ن" "پاڵاوتن"، "گە ل" "گەڵ". "دە سە لاتی" "دەسەڵاتی".**

- کێشەی بزوێنی (و): لەزۆربەی شوێنی ناو دەقەکان تێکەڵییەک هەیە لەبەکارهێنانی دەنگی (و)، کە زۆرجار بە یەک 'و' نوسراوە پێویستی بە دو 'و' لە هەندێک شوێنیش پێویستی بە 'و' کەچی بە 'و' نوسراوە:

نم: "بزوتنە وە" لە هەندێک لاپەڕەدا بە "بزوتنە وە" (بە یەک واو) نوسراوە، "وشە" کە پێویستە بنوسرێت "وشە"، "رێنوس" "رێنوس".

٢. هەڵەی "پێشگر" و "پاشگر": لە گوتاری یاسایی ئەو سەردەمەدا، جیاکردنەوەی جێناو و پێشگرەکان جێگیر نەبوە، کە لە زمانی یاساییدا، یەکگرتوی وشەکان گرنگە، بەڵام لەم دەقانەدا پشێوییەک دەبیندرێت:

پێشگری (دە): زۆرجار پێشگری "بە-" یان "دە-" بەیەکەوە لکێنراون، یان بەهەڵە جیاکراونەتەوە، وەک **"دە ردە چن"** لەجیاتی **"دەردەچن"** یان **"دە بی"** لەجیاتی **"دەبێ"**.

نیشانەی کۆ (یان، کان): زۆرجار پاشگرەکان بە وشەکانەوە نەلکێنراون، یان بە نیشانەی لێدان دابڕاون، کە گوتاری یاسایی لاواز دەکات. وشەی **"دام ودە زگایانە"** نوسراوە، کە لە ڕێنوسی نوێدا دەبێت **"دامودەزگایانە"** بێت بەبێ دابڕانی زۆر.

نم: **"ئە ندامانی"** لەجیاتی **"ئەندامانی"**.

پاشگری "یە": لە دەقەکاندا دەبینین نوسراوە **"کەمە نەتەوایە تی"**، پێویستە بەم شێوە بنوسرێت **"کەمە نەتەوایەتییەکان"** (پێویستە 'ی' دوەم و 'ە' زیاد بکرێت بۆ ناساندن).

نم: "بە جی بکە ن" **ڕاست:** "جێبەجێ بکەن" (لێرەدا "بە" و "جێ" تێکەڵ کراون).

نم: "بە کارهینانی" **ڕاست:** "بەکارهێنان". "بە دیهینانی" **ڕاست:** "بەدیهێنان".

شیکاری ڕەخنەیی؛ ئەم دابڕانە نیشانەی ئەوەیە نوسەران هێشتا کاریگەری ڕێنوسی عەرەبیان بەسەرەوە بوە، کە وشەکان بە کەمی لێک دەدرێن.

٣. جیاکردنەوەی وشە لێکدراوەکان: لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە، زمانی یاسایی دەبێت یەکگرتو بێت، بەڵام لەم دەقانەدا وەک یەک نین:

نم: "بە جیهینانی" ڕاست: "بەجێگەیاندن" یان "بەجێهێنان".

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نم: "دە ستنیشان" هەندێک جار نوسراوە "دە ستنیشان" (بە جیا).

- وشەی "جیبە جی": لە زۆربەی دەقەکاندا بە (چی بە چی) یان (جی بە جی) نوسراوە، کە دەبێت "بەجێگەیاندن" یان "جێبەجێکردن" بێت.
- وشەی "ئیستیقالە": لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە، هێشتا زمانی یاسایی کوردی پشتی بە دەستەواژەی عەرەبی بەستوە و نەیتوانیوە وشەی "دەستلەکارکێشانەوە" جێگیر بکات.

شیکاری ڕەخنەیی؛ نەبونی ستانداردکردنی ڕێنوسی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا، نیشانەی لاوازیی دامەزراوەیی بوە. زمانی کوردی لەو کاتەدا تەنیا "بەگوتە" فەرمی بوە، بەڵام لە "نوسیندا" هێشتا وەک دیالێکتێکی زمانی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری یاسایی لەو کاتەدا هەوڵیداوە "شەرعییەتی نوێ" بە دەقەکان بدات، بەڵام لەبەرئەوەی بەشی زۆری شارەزایانی یاسا لەو سەردەمە فێری یاسای عێراق ببون، نەیانتوانیوە زمانێکی یاسایی کوردیی پەتی بەرهەمبهێنن. هەروەها زۆربەی هەڵەکان پەیوەندییان بە نەبونی ئامێری چاپەمەنییەوە هەیە، کە بتوانێت پیتی تایبەتی کوردی (ڵ، ێ، ڤ) بە دروستی چاپ بکات.

٣-٥ خاڵبەندی لە دەقی یاسایی:

دەقێک ئەگەر هێماکانی خاڵبەندی تیادا بەکارنەهاتبێت دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی خوێنەر و هەڵە تێگەیشتن، بۆیە دەقی یاساییش یەکێکە لەو نوسراوانەی گرنگ و پێویستە خاڵبەندی لە دەقەکانیدا بۆ ڕونی و وردبینی بونی هەبێت. هێمای خاڵبەندی دروست یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی مانا و مەبەست و دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر لێکدانەوەی بەڵگەنامە یاساییەکان هەبێت.

نم: (یاسای ژ١): **نابێ ئەندامێتی ئەنجومەن وفەرمانبەرێی گشتی بەیەکەوە کۆبکرێتەوە و هەر فەرمانبەرێک کە بوە ئەندام لە ڕۆژی سوێند خواردنییەوە لەبەردەم ئەنجومەن، بەوازهێنەر لەفرمانەکەی دادەنرێ.**

شێوازی دروست: نابێ ئەندامێتی ئەنجومەن وفەرمانبەرێی گشتی بەیەکەوە کۆبکرێتەوە. هەر فەرمانبەرێک کە بوە ئەندام لە ڕۆژی سوێند خواردنییەوە، لەبەردەم ئەنجومەن، بەوازهێنەر لەفرمانەکەی دادەنرێ.

شیکاری ڕەخنەیی؛ بەپێی وۆداک (٢٠٠٣)، نەبونی خاڵ لەنێوان حوکم و مەرج **"دەرفەتی تەفسیری هەڵبژێردراو "**بۆ دەسەڵات دروست دەکات. سەرچاوە

نم: (یاسای ژ٢): **داوای خۆپاڵاوتن پێشکەش بەدەستەی باڵای سەرپەرشتکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێ و دەبێ بەلایەنی کەمەوە لەپانزە ڕۆژ پێش کاتی دەسپێکردنیبەوە بێ.**

شێوازی دروست: داوای خۆپاڵاوتن پێشکەش بە دەستەی باڵای سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێت، و دەبێ بەلایەنی کەمەوە (١٥) ڕۆژ پێش کاتی دەسپێکردنییەوە بێت.

نم: (یاسای ژ٢) ماددەی '٨' خاڵی '٢': **"وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێو یستی و حاجەت و لەسەر ئاموژگاری لێژنەی پەیوەنددار لە وەزارەتدا ئەو عەسکەریانە بگێڕێتەوە کە بەهۆی کوردایەتی یەوە لە خزمەت دابڕاون".**

شێوازی دروست: "وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویستی و لەسەر ئامۆژگاری لێژنەی پەیوەندیدار لە وەزارەتدا، ئەو عەسکەریانە بگەڕێنێتەوە....".

شیکاری ڕەخنەیی؛ سێ مەرجی جیاواز بەبێ کۆما تێکەڵ دەبن، کۆمای کۆتایی لەدوای (وەزارەتدا) سەرەتای کردارەکەی ئاشکرا دەکاتەوە.

نم: "پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا هەبن کە لە مادەکانی ١٩،٢٠ دادیاری کراون"

شێوازی دروست: "پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا هەبن: کە لە مادەکانی ١٩ و ٢٠ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢دا دیاری کراون"

شیکاری ڕەخنەیی؛ دوخاڵ (:) لەدوای (هەبن) پێشەکی لیستەکە دەکات، بەبێ ئەوەش (کە) وەک بەستەری ئاسایی دەخوێندرێتەوە نەک وەک نێرەری یاساییی.

نم: (یاسای ژ١٥): **موچە خۆرێک بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا کە دەبێ لە کارمەندان و پسپۆران بێ".**

شێوازی دروست: فەرمانبەرێک بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکات، کە دەبێت لە کارمەندان و پسپۆران بێت.

نم: (یاسای ژ٧): **گەشەپێدانی تێگەیشتن(وعی) ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و جەوهەری پەیامە شکۆمەندەکەی.**

دوای (وعی) پێویستی بە **کۆما** هەیە، بەم شێوەیە **"گەشەپێدانی تێگەیشتن(وعی) ئیسلامی، و.."**

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نم: (یاسای ژ٨): **هەرکەسێ بەبێ مۆڵەت پێدانی لەلایەن دەسەڵاتێکی میری‌ی دەسەڵات پێدراوەوە تەقەمەنی (متفجرات و مفرقعات) دروست بکا یا لەدەرەوە بیهێنێ(استیراد) یا لەلای بێ، بە زیندانیکردن کە لە پانزە ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێ.**

شێوازی دروست: هەرکەسێ بەبێ مۆڵەت پێدانی لەلایەن دەسەڵاتێکی میری دەسەڵات پێدراوەوە، تەقەمەنی (متفجرات و مفرقعات) دروستبکا، یا لەدەرەوە بیهێنێ (استیراد)، یا لەلای بێ، بە زیندانیکردن، کە لە پانزە ساڵ زیاتر نەبێ، سزا دەدرێ.

نم: (یاسای ژ١١): **"...بەپێی بڕگەی (١) لە مادەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لە سەر پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری و بڕیار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ... بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا :"**

شیکاری ڕەخنەیی؛ لێرەدا پێش وشەی "بڕیاری دەرکردنی" پێویستە کۆما (،) هەبێت بۆ جیاکردنەوەی پاساوە یاساییەکان لە کرداری سەرەکی. هەروەها دوای "یاسایەی دا" دەبێت خاڵ (.) دابنرێت نەک دوخاڵ، چونکە ڕستەکە تەواو بوە.

شێوە ڕاستەکە: ... بڕیاری لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی... بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا.

لە دەق یاساییدا نەبونی خاڵبەندی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە مانا و دروستبونی بۆشایی بۆ لێکدانەوەی هەڵە، کە لە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا وەک لاوازی سەروەری یاسا و تێکشکاندنی سنوری نێوان ماف و ئەرکەکان لێکدەدرێتەوە.

بەشی چوارەم: گفتوگۆ، ئەنجام و پێشنیاز

٤-١ گفتوگۆ:

ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی "شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار" و بەکارهێنانی تیۆرەکانی پسپۆڕانی وەک 'فێرکلاف (١٩٩٥، ٢٠١٠)' و 'ڤان دایک (٢٠١٥،٢٠٠٨)'، هەروەها ڕەچاوکردنی تیۆرەکانی زمانەوانیی یاسایی وەک؛ 'تێرسما (١٩٩٩)' و 'مۆلینکۆف (١٩٦٣)' 'شارچێفیچ (٢٠٠٠)'، گەیشتە ئەو ئەنجامەی هەڵبژاردنی وشەکان لە دەقە یاساییەکانی پەرلەماندا تەنها ڕەهەندێکی شێوازییان نییە، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەرن بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵات.

بە شیکردنەوەی دەقەکان دەرکەوت، کە بەکارهێنانی زاراوەی نارون وەک "گونجاو" یان "دەسەڵاتی تەواو"، بۆشاییەکی لێکدانەوە دروستدەکات و دەسەڵات لە دەستی جێبەجێکاراندا چڕدەکاتەوە. هەروەها، زۆرێی بەکارهێنانی ڕستەی (بکەرنادیار)، وا دەکات بڕیارە سیاسییەکان وەک ڕاستییەکی بێلایەنی یاسایی دەربکەون، کە ئەمەش لە ڕوانگەیCDA وە "ئاساییکردنەوەی ئایدیۆلۆژی"یە.

لە ئاستی زاراوەسازییشدا، بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی زاراوەی عەرەبی وەک: (الاستئناف، التحقیق) ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی گواستنەوەی ناتەواو لە هەژمونی یاسایی عێراقییەوە بەرەو ناسنامەیەکی سەربەخۆی یاسایی کوردی، کە دەبێتە هۆی جۆرێک لە تەمومژی زاراوەیی.

لە لایەکی ترەوە، ئاڵۆزیی ڕستەسازی و بەکارهێنانی ڕستەی لێکدراوی درێژ، تێگەیشتنی گشتی سنوردارەکات و دەسەڵاتی گوتاریی نوخبەی سیاسی بەهێز دەکات. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەبونی نادروستیی ڕێنوس و خاڵبەندی، متمانە و پیشەییبونی دەقەکانی لاواز کردوە.

بەگشتی، ئەنجامەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ڕونیی زمان "ئەرکێکی دیموکراتییە"؛ چونکە زمانی یاسایی ئاڵۆز، بەشداریی مەدەنی پەراوێز دەخات و شەفافیەتی دامەزراوەیی کەمدەکاتەوە. هەر بۆیە توێژینەوەکە پێشنیاری پێکهێنانی "ڕێنماییەکی یەکگرتوی زاراوەی یاسایی کوردی" و ئەنجامدانی چاکسازییەکی زمانەوانیی بنەڕەتی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا دەکات.

٤-٢ ئەنجام:

- شیکردنەوەی زمانەوانی دەریدەخات، کە بەکارهێنانی زاراوە لاستیکی و نارونەکان، لەگەڵ باڵادەستبونی پێکهاتەی ڕستەی ئاڵۆز و شێوازی **"بکەرنادیار"**، لە ڕوانگەی مۆدێلی CDA وەک ئامرازێکی زمانەوانی بۆ شاردنەوەی بەرپرسیارێتی یاسایی و پاراستنی نارونی لە قازانجی دەسەڵاتی جێبەجێکار لێکدەدرێتەوە.
- پراکتیکی گوتار و پاشکۆیەتی زمانەوانی، گوتاری یاسایی لەم قۆناغەدا بەدەست "تەنگژەی شوناسی زمانی"ەوە گیری خواردبو؛ پشتبەستنی قۆڵ بە وەرگێڕانی دەقاودەق لە زمانی عەرەبی، شێوازێکی زمانیی پاشکۆکەرانەی بەرهەمهێناوەتەوە، کە ڕەسەنایەتی دەقە کوردییەکانی خستوەتە ژێر پرسیارەوە.
- پراکتیکی کۆمەڵایەتی-سیاسی، زاڵبونی گوتاری بارگاوی سیاسی و سۆزداری (وەک چەمکەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی)، هەوڵێک بوە لەلایەن گروپە باڵادەستەکانەوە بۆ سەپاندنی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و حیزبی بەسەر شەرعیەتی دامەزراوەیی و یاساییدا.
- کێشە تەکنیکی و ڕێنوسییەکان، کەمبونەوەی متمانەی زمانەوانی بەهۆی هەڵەی ڕێنوسی و نەبونی خاڵبەندیی زانستی، بۆشاییەکی تەفسیری فراوان بۆ نوخبەی فەرمانڕەوا دەڕەخسێنێت تا یاساکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاڕاستە بکەن.

- پەراوێزخستنی بنەماکانی دیموکراسی، لەبەرئەوەی ڕوونی زمان پێشمەرجێکی دیموکراسییە بۆ بەشداریی سیاسی، قورخکردنی زمان و ئاڵۆزکردنی گوتاری یاسایی بوەتە هۆی دروستبونی نامۆیی لە نێوان پەرلەمان و هاووڵاتیاندا، ئەمەش شەفافییەت و متمانەی گشتی بە پرۆسەی یاسادانان لاواز کردوە.
- ئەنجامەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بۆ بەهێزکردنی متمانەی گشتی و کارایی پەرلەمان، پێویستە زمانەوانیی دەقە یاساییەکان بە ئاراستەی "ڕوونی و سادەیی" بڕوات، چونکە ڕوونی زمان لە دەقی یاساییدا تەنها پێویستییەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو "ئەرکێکی دیموکراتییە".

٤-٣ پێشنیاز:

- **دامەزراندنی تیمی "ڕیفۆرمی زمانەوانی" لە پەرلەمان:** پێویستە لە کاتی نوسینی یاساکاندا، جگە لە شارەزایانی یاسایی، زمانەوانانیش بەشدار بن. ئەرکی ئەم تیمە ئەوە دەبێت دەقەکان لەڕوی "ڕوونی و سادەیی"یەوە پێداچونەوەیان بۆ بکەن.
- **یەکخستنی زاراوەسازی:** پێویستە "فەرهەنگێکی یەکگرتوی زاراوەی یاسایی" بە زمانی کوردی ئامادەبکرێت و بکرێتە بنەما بۆ سەرجەم یاساکان، کە ڕێگردەبێت لەو لێڵییەی بەهۆی بەکارهێنانی چەند زاراوەیەک بۆ یەک مەبەست لە یاساکاندا دروست دەبێت.
- **هەڵسەنگاندنی "خوێندراوی":** پێویستە لێژنەی یاسایی پەرلەمان پێش دەنگدان لەسەر یاساکان، سۆفتوێر و فۆرمۆلەکانی پێوانەکردنی ئاستی خوێندراوی زمانەوانی بەکاربهێنێت.

سەرچاوە:

تاهیر، ش. ش. ت.، ٢٠٢٠. بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا. چاپی دوەم. سلێمانی.
جامباز، ت.، ٢٠١٤. بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
زادە، ف. .، ١٣٨٥. تحلیل انتقادی گفتمان. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.
شێروانی ،مستەفا، ک. ع. -. ع. ئ.، ٢٠٢٤. گوتارشیکاریی میدیایی ڕۆڵی زمان لە بنیاتنانی گوتاردا. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
صادق، ب. د. ش. -. ج. ا. ئ. -. ی. م.، ٢٠١٨. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
عەلی، ش. س.، ٢٠٢٠. شرۆڤەکرنا گوتارێ. چاپا ئێکێ. دهۆک: پەرتوکخانا موکسی.
فریکلف، ن.، ٢٠١٦. اللغة والسلطة. الطبعة الاولی. القاهرة.

BLOOMFIELD, L. 1933. Language.. new york: Henry holt and company. P21.
CAO, D. 2007. Translating law, Multilingual Matters. https://doi.org/10.21832/9781853599552.
DUSUNGE, R. B. 2017. Legal Language and Legal Reasoning, New Law College, Ahmednagar., 1-105.
FAIRCLOUGH, N. 2013. Critical discourse analysis: The critical study of language, Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315834368
FAIRCLOUGH, N. 2023. Critical discourse analysis. The Routledge handbook of discourse analysis. Routledge.
FAIRCLOUGH, N. & CHOULIARAKI, L. 2021. Discourse in late modernity: Rethinking critical discourse analysis, Edinburgh University Press. https://doi.org/10.1515/9780748610839.
MELLINKOFF, D. 1963. The Language Of The Law (1963). Hl Mencken, The American Language: Apreliminary Inquiry Into The Development Of English In The United States.
ROGERS, R. 2004. An introduction to critical discourse analysis in education. An introduction to critical discourse analysis in education. Routledge. https://doi.org/10.4324/9781410609786.
SAGER, M. A. 1997. Regional trade agreements: Their role and the economic impact on trade flows. World Economy, 20. https://doi.org/10.1075/z.htm1.06sag
SARCEVIC, S. 1997. New approach to legal translation, Kluwer Law International BV.
TIERSMA, P. M. 1999. Legal language, University of Chicago Press.
VAN DIJK, T. A. 2008. Discourse and context. https://doi.org/10.1017/CBO9780511481499
VAN DIJK, T. A. 2015. Critical discourse analysis. The handbook of discourse analysis, 466-485. https://doi.org/10.1002/9781118584194.ch22.
WEISS, G. & WODAK, R. 2003. Introduction: Theory, interdisciplinarity and critical discourse analysis. Critical discourse analysis: Theory and interdisciplinarity. Springer. https://doi.org/10.1057/9780230288423